# نالی

## له بازنەی تاقیکردنەوە شیعرییەکەی کرمانجی خواروودا

د . دڵشاد علی / پرۆفیسۆری یاریدەدەر/کۆلیجی زمان / زانکۆی سلێمانی

**بابەتی لێکۆڵینەوەکە :**

لەزۆر لێکۆڵینەوەو وتاری ئە دەبی و رەخنەیی دا باس لەو رۆڵەکراوە کە ( نالی ) لە پێکهێنا نی بزووتنەوە شیعرییەکەی کرما نجی خواروودا بینیویەتی‌و لە زووربەشیاندا بە رابەری ئەو بزووتنەوەیە دانراوە" لەگەڵ‌ی وتارو لێکۆڵینەوەشدا باس لەوهۆکارانە کراوە کە زەمینەی چەکەرەکردنی بزووتنەوە شیعرییەکەی پێکهێناوە ،بەڵام لەهیچیاندا نەباس لەو هۆکارانەکراوە کە( نالی )یان بەرەو ئەو تاقیکردنەوە شیعریەنوێیە بردووەو نە باسیش لە چۆنیەتی و رادەی کاریگەری ئەو هۆکارانە کراوە کە زەمینەی چەکەرە پێکردنی بزووتنەوەکەیان سازاداوە لە سەر( نالی )، هەر بۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵ دەدەین زانستانە بە دوای ئەو هۆکارانەدا بگەڕێین کە( نالی )یان بەرەو ئەو تاقیکردنەوە شیعرییە بردووە، بەم پێیەش لێکۆڵینەوەکەو ئەو ئە نجامانەش کە گەڵاڵەیان دەکات لەدوولاوە سوود بە بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی دەکەینن، لەلایەك زانستانە تیشك دەخەنە سەرکەسێتی ( نالی )وەك مرۆڤ و وەك شاعیر " بە تیشك خستنە سەر ئەو دوولایەنەش دەتوانرێ جیهانەشیعریەکەی زیاتر رۆشن بکرێتەوە، لەلایەکی ترەوە سوودمەند دەبێت بۆ ئەولێکۆڵینەوانەی کە روو لە بزووتنەوە شیعریەکەی کرما نجی خواروو دەکەن .

**پلانی لێکۆڵینەوەکە :**

بە پێ‌ی بابەتی لێکۆڵینەوەکەو لەبەر رۆشنایی ناونیشانەکەیدا ، پلانەکە یمان بەو شێوەیە دارشتووە کە بریتی بێ‌ لە دوو بەشی سەرەکی، بێجگە لەسەرەتاو ئە نجامی لێکۆڵینەوەکە ٠

لەبەشی یەکەمدا هەوڵ دراوە باس لەو هۆکارە دەرەکیانە بکەین کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نوزدەدا ( نالی )یان بەرەو تاقیکردنەوە شیعرییەکەی کرما نجی خواروو برد و بووە سەرەتای رێبازی کلاسیکی لەودیالیکتەی زمانی کوردی‌دا ، لە بەشی دووەمیشدا باس لەو هۆکارە خودیانە دەکەین کە پەیوەندیان بە کەسێتی( نالی ) یەوە بووەو وایان لە( نالی ) کردووە کە وەك داهێنەرێك روولەو تاقیکردنەوەیە بکات ٠

**سەرەتا :**

دوو هەزار ساڵێك لەمەوبەر شاعیرێکی گەورەی رۆمانی کە( هۆراس ) بوو ، ئەو راستییەی خستە بەردەست شاعیران و شیعر دۆستانی نەتەوەکەی کە شیعر هونەرێکی مەزن و پیرۆزەو دەکرێ‌ بە تێشووی ئەو هونەرە

مەزنــە رووەو شارســتانیەتی یۆنانیــەکان هەڵکشــێن و هاوشــانیان بووەسـتن و خــۆی واتــەنی : (( ئەگــەر شاعیرەکا نمان لەئەرك ومشت و ماڵکردن و کارامەکردنی خۆیاندا نەگلابانایە،ناوبانگ وشان وشـەوکەتی ولاتیلاتین لەچەك بەکارهێناندالە هی زمان پترنەدەبوو )) (١)

دوو سەد ساڵێکیش لە مەو بەرو لە کوردستانی خواروو ، مەلا خدرێکی شارەزووریش پەی بەوە برد کە شیعر ئەو هونەرە گەورەو مەزنەیـە کـە دەتـوانرێ شـان و شـەوکەتی کـوردو ولاتـی بەبـەی پـێ دەرخرێـو بـەرەو هاوشـانی کردنـی میللـەتانی تریـان بـەرێت و بـە هۆشـیەوە تـاجی شـکۆمەندی لـە سـەرنێ، هەربۆیـە هۆشمەندانە و کارامانە رووی لە تاقیکردنەوەیەکی نۆێی شیعری کردو زیرەکانەش توانی لـەناو جیهـانی شیعری رۆژهەلاتیدا ولاتێکی شیعری بە دیالێکتەکەی کرمانجی خـواروی زمـانی کـوردی بنیـات بنـێ و بـە درێژایی تەمەنی حاکمی بێت .

ئاشکرایە کە ئـەو هـەنگاوە مەزنـەی( نالی )لـەو قۆناغـە مێژوویی‌یەدائاسـان نەبوو، چـونکە دەیزانـی کـە رووبـەروو بــێ یــان پــاش ملـە ، بـێ بایەخانـە لـە تاقیکردنەوەکـەی دەروانرێـو پێـی دەلـێن ، مـادام (کوردی )یە( خۆکردیی یە )و هونەری تێدا نی‌یە ، بۆیە ئەو وەلامەی ئامادە کردبوو کە پێیان بڵێ :

تەبعی شەککەرباری من کوردی ئەگەر ئینشا دەکا
ئیمتحانی خۆیە مەقسوودی لە عەمدا وا دەکا
یا لە مەیدانی فەساحەتدا بەمسلی شاه سوار
بێ تەئەممول بەو هەموو نەوعە زوبانێ رادەکا
کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردی‌یە خۆ کردی‌یە
هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی تالبی مەعنا دەکا

دیـارە لێـرەدا ئـەم وەلامـەی ( نـالی ) خۆیـو داوا کردنـی لەشیعردوسـتانی سـەردەمەکەی کـە بایـەخ بـەوە بدەن( چـی ) وتـووە نـەك ( بەچـی )و ( چـۆن )ی وتـووە ، هـیچ لـەو راسـتی یـە نـاگۆرێ کـە بـەهاو بایـەخی ئەو( چـی )یەش واتـە ( واتــاو ناوەرۆکـە هونـەری یەکـەی ) لـەوەدا بـووە کـە ( چـۆن )ی وتـووەو چـۆنیش توانیویەتی( لە مەیدانی فەساحەتدا ) ببێتە شاسوارێکی شیعری کوردی، بۆیە ئەو وەلامەی نـالی بـۆ ئێمـە دەبێتە سەرەتای ئەو پرسیارەی کەدە پرسێ ، بۆچی نالی ئەو موجازە فە شیعری‌یەی کردووەو چۆنیش تـوانی کارامانە لە کرمانجی خوارووداتۆوی ئەو هونەرە مەزنە بچێنێو نەشونماشـی پـێ بکـات؟ کـە بێگومـان ئەگەر پێشتریش هەوڵی لەو جۆرە درابـێ ( ٢ )، ئـەوا هـیچ لـەو راسـتی‌یە نـاگۆرێ کـە ئەوسـاش و ئێسـتاش ( نالی ) وەك یەکەم حاکمی ئەو ولاتە ناسراوەو خۆی واتەنی ( نە حـەریفی کـەس بـووەو نـە بەیتەکانیشـی رەدیفی شاعیرانی تر بووە )( ٣ )

بێگومان گەلێ نووسەر هەوڵی دیاری کردنی ئەوهۆکارانەیان داوە کە رۆلیـان لـە رەنـگ رشتنی بزووتنـەوە شــیعری‌یەکەی کرمــانجی خــوارووا بینیــوە ، ســەرجەمی ئــەو نووســەرانەش بــارودۆخی لــەباری سیاسیوکۆمەلایەتیورۆشنبیری میرنشینەکەی بابانیان بە هۆکاری سەرەکی داناوە . کۆنترین نووسەریش کە باسی لەو هۆکارانە کردبێ ( رشید نجیب )ەو لەو رووەوە دەڵێ: (( دوای ئـەوەی کـە بەشـی عـەوام و خـەڵك بۆخۆیــان ئــەدەبیاتێکی نــەزمی رێـك و رەوانــی دامەزرانــد ... عولــەماو مونــەوەرانیش روویــانکردە لای سەقافەتیکوردو ئێرانی ، رابردوویخۆیان هاتەوە بیروئایندەیان خستە بەرچاو، ئەمە لەعەسری‌هەژدەمین

و نۆزدەمیندا بوو، ئیدارەی حکومەتی بابان بۆئەم بوژانەوەی سەقافەتی کوردو ئێرانە تەئسیرێکی موهمی هەبوو..... لەم دەورەدا – محبگ- تەرزی ئیدارە, سەقافەت وحەیاتی ئیجتماعی زۆر موساعید بوو بۆ پێگەیاندنی ئاساری بەرزوو بی هاوتای ئەدەبی..))(٤)

بەلای ئێمەوە ئەو بۆچونەی (رشید نجیب) لە دوو لاوە گرنگی خۆی هەیە ، لە لایەك بۆتە سەرچاوەی بۆچونی نووسەرانی دوای خۆی و لەلایەکی ترەوە رەنگ بۆ وەلامی ئەو پرسیارە دەرێژێ کە دەی پرسی بۆچی (نالی) خۆی لە شیعری هەورامی دابری و شێوازو رێبازێکی شیعری نوێی بنیات نا، کە ئێمە لەم لێکۆلینەوەیەدا لە روانگەیەکی نوێترەوە ئاوری لێدەدەینەوە،(٥)ئەو روانگەیەش لە وێوە دەروانێ کەبە لایەوە : ((داهێنان ئاکام و ئەنجامی پەیوەندی یەکی دیاری کراوی نێوان شاعیرو کۆمەڵەکەیەتی و لە هەندێ لایەنەوە شیعر چالاکی‌یەکی کۆمەلایەتی یە هەروەك چۆن رەنگ رێژکراوی خواست و ئارەزوویەکی خودی و کەسی داهێنەریشە)(٦)، دیارە ئەم چەشنەتێروانینەش لەو لێکۆلینانەوە سەرچاوەیگرتووە کە پەیوەندن بە سایکۆلۆژیەتی ئەدەبەوە ،

بۆیە سەرەتا روو لە هۆکارە کۆمەلایەتی‌یەکان دەکەین و پاشتریش ئاور لە هۆکارە خودی‌یەکان دەدەینەوە، روانگەی تێروانینیشمان روانگەیەکی سایکۆلۆژی دەبێت و لەو گریمانەیەوە هەنکاو هەلْ دەنێین کە پرۆسەی داهێنان ئاکامی‌سەرهەلْدانی پەیوەندی‌یەکی دیاری‌کراوە لە نێوان داهێنەرو کۆمەلْەکەیدا،ئەو پەیوەندی‌یەی کە ئەنجامی لەت بوونی حالەتی(ئێمە)و سەرلەنوێ پێك هاتنەوەی ئەوحالەتەیە جاریکی‌تر، مەبەستیش لەحالەتی (ئێمە) حالەتی ئاوێتەبوونی(من)ە لەگەلْ (ئەوان)ی کۆمەلْداو ئەو(گروپە سایکۆلۆژی‌یە)پێك دێنێ کە (من) تیایدا ئارامەوجیایە لەو پەیوەندی‌یە کۆمەلایەتی‌یەی کە(من)ی تیادا نامۆوناَئارامە .(٧)

بێگومان کاتێ بەو گریمانەیەشمانەوە ئاور لە پەیوەندی(نالی)وەك کەسێکی‌داهێنەر بەکۆمەڵەکەیەوە دەدەینەوە، لە سێ ئاستدا ئەو پەیوەندی‌یە دیاری دەکەین کە بۆخۆیان دەبنە سێ بازنەی‌پەیوەندی‌کۆمەلایەتی لەسێ کۆمەلْگادا ،واتە ناوچەیی‌یەکەو نەتەوەیی‌یەکەو ئیسلامی یەکە بەم پێیە سەرەتا روو لەو هۆکارە کۆمەلایەتیانە دەکەین کە پەیوندن بە حالەتی (ئێمە)ی کۆمەلْگا ناوچەیی‌یەکە کە (من)ی (نالی) تیادا ئاوێتە بووەو(ئەوان)ی کۆمەلْگا نەتەوەیی‌وئیسلامی یەکە ، دواتریش ئاور لەو هۆکارانە دەدەینەوە کە پەیوەندن بە حالەتی (من)ی (نالی)و (ئەوان)ی ناو کۆمەلْگا ناوچەیی یەکە.

بەشی یەکەم: هۆکارە کۆمەلایەتی یەکان (ئێمە- ئەوان):

لەو قۆناغ و سەردەمە ئەدەبی‌و رۆشنبیری‌یەی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا کە(نالی)تیایدا هەنگاوی بەرەو جیهانی شیعریی نا ، دیارترین رێورەسمی هونەری شیعریی ئەوەبوو کە((خویندنەوەی کاری ئەدەبی پێشتر مەرجێکە لە مەرجەکانی داهێنان بۆهەر ئەدیبێك))(٨)، هەر بۆیە سەرجەمی رەخنەگرانی ئەدەبی عەرەبی‌و ئەدەبی فارسی لە رێبازە کلاسیکی یەکەدا بەردەوام پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت کە : ((هونەری شیعروکارسازی‌شیعریی‌مەرجی خۆی هەیە، یەکەم مەرجیش لەبەرکردنی هاورەگەزەکەیەتی، واتە

هاورەگەزوشێوەکەی لەشـــــــــــــــیعری شـــــــــــــــاعیران ))( ٩ ).دیــــــــــــــــــارە بۆ( نالی )یەکێ پەروەردەکراووماموستای جوجرەکانی شـــاریکی تازەبنیات نــراو " نەوجوجرانـــەی کــە لـــە ئەدەبی فارسـیدا رۆشـنبیرانی ناویان بە( ئەهلی مەدرەسـە )ناودەبردوبەبنکەی ڕێبازی کلاسـیکی فارسـییان دادەنـا" ئاسـایی بـوو کە پـەیرەوی نـەو تێروانینـە رەخنەییانـە بکـات، واتـە لەسـەرەتای چـونە نـاو جیهانی شیعرەوە رووله شاعیرانی تربکات و لەبەر رۆشنایی مۆدێلی شیعری باوی ئەو سەردەمەدا شیعردابنێ، بەم پێیەش لێرەدا سەرەتا ئەو پرسیارە دێتە بەر دەممان کە دەپرسێ: ئەومۆدێلە شیعرییە کامە بـوو کـە لە سەرەتادا ( نالی ) پەیرەوی کردوبۆچی ؟

دیارە کە مۆدێلە شیعرییەکانی ئەو سەردەمەی بەر دەستی ( نالی ) بریتی بوون لە : شیعری فۆلکلۆری کـوردی و شـیعری هـەورامی و شـیعری میللەتـە موسـڵمانەکان ( فارسـی وعـەرەبی وتـورکی )، بێگومـان لـە نـاو ئـەو مۆدێلانـەدا رووی لـە مـۆدێلی بـاوی شـیعری میللەتـە موسـڵمانەکان کـرد، بـە تایبـەتی شیعری فارسـی، لێرەدامایەوە ئەوەی بپرسین بۆچی؟ پرسیارەکە شمان زیـاتر لـە سـەر شـیعری هـەورامی دەوەسـتێ کـە هـەم خاوەنی کەلە پورێکی دەوڵەمەندی بەردەسـتی( نالی )بووەو هـەم لـەو سـەردەمەدا بـالا دەست بـووە لـە نـاو میرنشینییەکەی باباندا لەگەڵ ئەوەشدا نالی رووی تێ نەکرد، لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئەوە بهێنمەوە یاد کە پێشترو لە لێکۆڵینەوەیەکی ترمانداو لە وەلامی پرسیارێکی وادا گەیشتبووینە ئەو ئە نجامەی کە :

(( نـالی وسـالم وکـوردی هۆشمەندانـە رەنگیـان بـۆ بزووتنەوەیـەکی نـوێی شـیعری رشـت کـە لـە رووی هونەرییەوە لە ئاستی شیعری هونەریی میللەتانی دراوسێدا بووە، بە تایبەتی شیعری فارسی، دیـارە ئـەم رەنگ رشتنەش بە شیعری فۆلکلۆری ومیللی و شیعری هەورامی نەدەرێژرا، چـونکە سیماو شـەقڵی هونـەریان جیا بووە لە سیماو شەقڵی ( قەسیدەوغەزەل ) کە دیارترین بنیات بوون لە شیعری فارسیدا، هەر بۆیـە لـە رووی هونەری یەوە نەکەوتنـە ژێـر کاریگـەری ئـەو سـێ مۆدێلـەی شـیعری کوردییـەوە , بـە واتەیـەکی تـر بزووتنەوە شیعری یەکەی کرما نجی خواروو بە دوور کەوتنەوە و خۆ دابرینیان لە بنیاتی مەسنەوی وکێشی برگەیی و زمانی سادەو رۆژانەی ئاخاوتن رەنگی رێژراو بەرەو پێش هەنگاوی هەڵنا )) ( ١٠ )

بێگومان ئـەو بۆچـوونەمان بۆخـۆی بەشـێکە لـە وەلامـی پرسـیارەکەی بـەر دەممـان و بـواریش لـە بـەر دەم تێروانینی نوێدا دەکاتەوە ، بۆیە ئێمەش لەم لێکۆڵینەوەیەمانـداو لـە رێگـای روانینـە ئـەو دیاردەیـە لـە روانگەیەکی سایکۆلۆژی یەوە بە دوای وەلامی تردا دەگەرێین.

سەرەتاو کاتێ لەو دیاردەی خۆ دابرانەی ( نالی ) لە شیعری هـەورامی دەروانـین ، رووبـە رووی ئەوراسـتی یە دەبینەوە کە خودی تاقیکردنەوەکەی ( نـالی ) ،خـۆی لەخۆیـدا کزکردنـی دەسـەلات وقەڵـەم رەووی شـیعری هەورامی بوو لە میرنشینەکەی باباندا چـونکە لـە چـارەکی یەکـەمی سـەدەی نـۆزدەدا شـێوە زاری گـۆرانی و شیعری هەورامی نەك هەر لە ئەردەلانـدا بـەڵکو لـە میرنشـینیەکەی بابانیشـداو تەنانـەت لـەناو کۆشـکی فەرمانرەوایی سلێمانیشدا باوی بووەو بالا دەست بـووە,( ١١ )، هـەر ئـەم سست کـردن و لـە کـار خسـتنەی شیعری هەورامی لە سلێمانیدا بە شێوەیەك بووکەتاقیکردنەوە شیعری یەکەی بابان کاریگەری کەلـە پوورە دەوڵەمەندەکەی شیعری هـەورامی پێـوە نـەبینرێ، هـەر ئەمەشـە کـە دەبێتـە جێگـای پرسـیارێکی گـرنگ, پرسیارێگ کە ئەگەرچی هەندێ نووسەر کردوویانە بەلام بێ وەلام بە جێیـان هێشـتووە( ١٢ )، بۆیـە ئێمـە لێرەدا هەوڵی وەلامدانەوەی دەدەین.

لێرەداو بەبۆچوونی ئێمە، سەرباری دانانی شیعری هەورامی لەلایەن( نالی )یەوە بە بەشێك لەشیعری میللی( عوام )، هۆکارێکیتری گرنگ لە ئارادا بووەو لەو دیو ئەو ڕێرەو کردنەوەیەی بزووتنەوە شیعری یەکەی کرماتجی خوارووله لالەیك و خۆ دابرینی لە شیعری هەورامی لە لایەکی ترەوە رۆلی کرتکی بینیوە" ئەو هۆکارەش هۆکارێك بووەکە پەیوەند بووە بە ڕەوشی کۆمەلایەتی هەردوومیرنشینیەیەکەی بابان و ئەردەلانەوەوبەو ڕەوشە ئیدیۆلۆگییەی کە لە سەر ئەو ڕەوشە کۆمەلایەتی یە دامەزرا بوو.

وەك ئاشکرایە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەداولەگەڵ پتەو بوون و بەرفراوان بوونیدەسەلاتی میرنشینییەکەی باباندا، زاراوەی( گۆران ) ئەو چەمکەی وەرگرت کە( ی. ئی. ڤاسیلیەڤا ) دیاری دەکات و دەڵێ: (( لە کوردستانی خواروو، لەکوردستانی بابان جووتیاری نا خێڵەکی و هەموو کوردەکانی ئەردەلان، بە ئەندامانی بنەماڵەی میریشەوە بە گۆران ناو دەبران، هەر ئەم چەمکەی زاراوەی گۆران بۆخۆی کاردانەوەیەکی هەرەبەهێزیجیاکەرەوەی ئیتنیکی( ئێمە-ئەوان )یشی لەگەڵدابووەوبەرەودووره پەرێزی و ئیتنۆسینترنیزمی بردووە. دەمارکیری خێلایەتی لەمیرنشینی باباندا بووبوو بە بروایەکی ئیدیۆلۆگی باوەر بە نا یەکسانی ئیتنیکی بە خۆوە گرتبوو، ئەمەش بە ئاشکرا لەوەدا رەنگی دابووەوە کە هەستی بەرزکردنەوەی خەڵکی خێڵەکی و نزم کردنەوەی کوردی نا خێڵەکی تێدا دەچێنرا، بەم پێیە لە کوردستانی خوارووداا بە کوردی نا خێڵەکی دەوترا( گۆران ) و لە ئە نجامیشدا ئیتنۆنیمی( گۆران )بوو بە زاراوەیەك بۆ گاڵتە پێکردن )( ١٣ )

ئەوەتا ( ك. ج. ریچ )یش لایەنی ئیدیۆلۆگی مەسەلەکەی باش هەڵسەنگاندووەو شارەزایانە بۆمەبەستە سیاسییەکانی خۆی بەکاری هێناوە و هەر لە یەکەم دانیشتنیدا لەگەڵ مەحموود پاشای باباندواوبەئامادەبوونی نەجیبزادەکانی ئەویٚ بە پاشای وتووە کە ئەم بیستوویەتی گوایە فەرمانرەوای سنە لە خێزانێکی گۆرانیەیەو رەگەزی گۆرانیش وەکو خەڵکی خێڵەکی رێزدار نین، ئەم وتەیەی ( ریچ )یش چر پەی رەزامەندی لەلایەن ئامادە بووانەوە هەموو ژوورەکەی گرتۆتەوە.( ١٤)هەر ئەم چەشنە خۆ جیاکردنەوەیەی بابانەکان لە ئەردەلانیەکان, لە وتەیەکی ئەورەحمان پاشایبابانیشدا بەرجەستە کراوە کاتێ وەلامی ئەمانولاخانی ئەردەلانی داوەتەوەو( خان )ایٚی پرسیوەکە( بۆچ خزمەتکارانی خۆی لەگەڵی ناچن بۆ تاراوگەو ئەودلسۆزییەی بۆ نانوێنن؟ لە وەلامدا ئەورەحمان پاشا وتوویەتی: ئێوە سەرکردەی خێڵ نین ، پیاوانی ئێوە خێڵی ئێوەن، ئێوە دەتوانن بەرگیان بکەن نانیان بدەنیٚ و دەوڵەمەندیان بکەن بەلام ئەمانە نابن بە ئامۆزای ئێوە )( ١٥ )

بەم شێوەیە هاوکاری خێلایەتی کە لە میرنشینییەکەی باباندا بووبووە ئیدیۆلۆگیای رەسمی، لە ئەردەلاندا دەمارگیری ناوچەیی و خۆناسی ناوچەیی جێگای گرتبووەوەوبیروباوەری خۆ بە گەورەتر زانین لە ناو ئەردەلانیەکانیشدا هەبووەو ئەوئیدیۆلۆگیایەی لە میرنشینی یەکەی ئەردەلاندا دروست بووبوو پەنای بردبووە بەربیری یەکێتی لەناو چوارچیوەی ناوچەکانی کوردستانی ئەردەلاندا کە لە رەوتی میژوویی دا یەکیان گرتبوو، ئەو بیرەش لە دەربرینی( خۆمان- بێگانە )ی ئەردەلانیەکاندا بە روونی دەبینرا، تەنانەت بەئاسانی هەست بەوە دەکریٚ کە بروای رە سمی و داستان و ئەفسانەکان بۆ مەبەستی بەرزکردنەوەی بنەماڵەی ئەردەلانیەکان دانرابوون، هەر بۆیە دەرك بەوە دەکریٚ کە جۆرە شێوازێکی ئیدیۆلۆگی لە ئەدەبی

کۆشکی ئەردەلانیدا بەکارهاتووە.( ١٦ )
هەر لێرەوەو بە بۆچوونی ئێمە ئەو رەوشە ئیدیۆلۆگییەی هەردوو میرنشینییەکە، رۆڵی خۆی بینی وە لە لەت کردنی پەیوەندی کلتووری نێوانیان ، بە تایبەتیش کاتێ ئەو رەوشە ئیدیۆلۆگی یە بووە ئەو زەمینەیەی کە چالاکی ئەدەبی و رۆشنبیری لەسەر چەکەرە بکات ، جا تاقیکردنەوە شیعری یەکەی( نالی )یش لە کاریگەری ئەو رەوشە ئیدیۆلۆگییە بێبەش نەبووەو چەکەرە کردوی ئەو زەمینە ئیدیۆلۆگییە بووە کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەداو لەمیرنشینییەکەی باباندا پێك هاتبوو.
هەرئەو رەوشە ئیدیۆلۆگییەی کە فاکتەرێکی بەهێزیجیاکەرەوەیئیتنیکی( ئێمە )یبابانی و ( ئەوان )ی ئەردەلانیبوو، بۆخۆی کاردانەوەیەکیتری ئیتنیکی( ئێمە )یکوردو( ئەوان )یغەیرەکوردیشیلەگەڵدا بووەوبۆخۆیو بۆکەسی ( نالی ) لە سەرەتای تەمەنە شیعری یەکەیدا هۆکارێکی هەم دەرەکی هەم خودی بووەو لە تەقاندنەوەی تاقیکردنەوە شیعرییەکەی کرمانجی خواروودا رۆڵی خۆی بینیوە.
وەك ئاشکرایە لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەداو لە سەردەمی فەرمانرەوایی ئەورەحمان پاشای بابان ومەحموود پاشای کوریدا ، میرنشینی یەکەی بابان ، چ لەسەر ئاستی کۆشکی فەرمانرەوایی بووبێ چ لە سەر ئاستی کۆمەلانی خەڵك بووبێ، رووەو پۆشینی سیماو شەقڵی سەربەخۆیی هەنگاوی ناوەوخواستەکانی میرانی بابان و کۆمەلانی خەڵکیشی لە دەور کۆدەکرایەوەو زەمینەیەکی لەباری بۆ تێروانینە ئیتنیکی یەکەی ( ئێمە )و( ئەوان )ی غەیرە کوردی پێك هێنا بوو .
لێرەداو کاتێ لە کەسی ( نالی ) وەك داهێنەرێك دەروانین، بۆ ئەوە دەچین کە ئەو حاڵەتی لەت بوونەی نێوان ( ئێمە )و( ئەوان )ی فارس وعەرە ب و تورك، بووە مایەی بزواندنی ئەو هەستی خۆ بە کەم زانینەی کە بالا دەستی ( ئەوان )ی لە شیعرداو لووت بەرزیان لەو رووەوە لەلایەك وتێروانین و رەفتاریان بەرامبەر کورد لە لایکی ترەوە ، لە دەروونی ( نالی )دا قۆزاغەی بەستبوو، هەروەك ( ئەدلەر ) دەلی: ( بلیمەتی ئاکامی هەست کردنە بە نزمی و خۆبەکەم زانین )( ١٧ )، جا بۆ کەسی ( نالی )یش بزواندنی ئەو هەستەی، هەوێنی بلیمەتی پێ بەخشی و بەرەو ئەو داهێنانە شیعری یەی برد تا لەو رێگایەوە ئەو هەستەی برەوێنێتەوە کە لێیەوە سەرچاوەی گرتبوو کە بێگومان هەست کردن بوو بە نزمی لە بواری هونەری شیعرو ئەدەبدا لە چاو ئەوانی میللەتانی دراوسێدا.
بۆ زیاتر رونکردنەوەی بۆچونەکەمان ، ئەو راستییە دەخەینە بەر دەست کە ئەو حاڵەتە دەروونییە هەمان رۆڵی بینیوە بۆکەسانی داهێنەر ، وەك لای زانایان و روناکبیرانی ئەو میللەتە موسلمانانە هەستی پێ دەکەین کە عەرە ب نەبوون وبە ( موالی ) ناو دەبران ومامەڵەی هاوولاتی و هاوئاینی پلە دوویان لەگەڵ دەکراو هەر کاتێ هەنگاوێکی کورتیشیان بەرەو دەرخستنی کەسێتی نەتەوەییان بنایە ئەوا بە تاوانی( شعوبی ) لەناو دەبران، هەر وەك لە دیاردەی تاوانبارکردنی( بشاربن برد و مسلم بن ولیدو أبونوأس )دا بەدی دەکەین کە بۆخۆیان لە ئەدەبی عەرەبیدا بە( أصحاب البدیع ) ناو دەبرێن و رابەری تازەکردنەوەی شیعری عەرەبی بوون لەسەردەمی عەباسییەکاندا. جا بەلای ئێمەوە داهێنانە شیعرییەکانی ئەمانیش بۆخۆی ئاکامی ئەو هەوڵە بووەکە داویانە بۆ رەواندنەوەی هەستی بەکەم زانین کە بە شێوازی جۆراوجۆر بزوێنراوە، هەروەك چۆن بۆ شاعیرێکی وەك( بشاربن برد ) وتەی کابرایەکی عەرەب کە پێی وتووە( ما للموالی والشعر )واتە مەوالی و شیعر کوجا مەرحەباو شیعر هونەرێکە تایبەت بەعەرە ب،( ١٨ )ئەو هەستی بەکەم زانینەی لا بزواندووەو بۆ رەواندنەوەی، سەرچاوەی شیعریی لا دەتەقێنێتەوەو بەرەو داهێنانی شیعریی هەڵیدەکێشێ .

جا کاتێ بەم چەشنە تێروانینەمان جارێکیتر لەو بەیتەی( نالی ) دەروانین کە تیایدا دەڵی : ( کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردی یە خۆ کردی یە )، دەگەینە ئەو راستییەی کە داهێنانە شیعرییەکەی ئاکامی بزواندنی هەمان هەستی بەکەم زانین بووەو دەشێ بێگانەیەك یان کوردێك لەوانەی کە بەلایەنەوە زمانی کوردی و شیعر کوجا مەرحەباو شیعر دەبێ بەزمانی عەرەبی یان فارسی بێت، بزواند بێتی.

لێرەدا رووبەرووی پرسیارێکی گرنگ دەبینەوە کە دەپرسێ: لە چ قۆناغێکی مێژوویی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا، بزووتنەوە شیعرییەکەی کرمانجی خواروو چەکەرەی کرد و ئەو بارودۆخە گونجاوەی کە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی هێنابووە ئاراوە، لە چ سالانێکی فەرمانرەوایی بابانیەکان و لە چ سالانێکی تەمەنی ( نالی )دا بووە ؟

بێگومان وەلامدانەوەی ئەم پرسیارە ئاسان نییە چونکە هیچ بەڵگەیەکی مێژوویمان لەبەر دەستا نییە کە بە هۆیەوە بتوانین وەلامێکی زانستانە بدەینەوە ، بۆیە ناچارین لێرەدا پەنا بەرینە بەر بۆچون و تێروانینی پشت بەستوو بە زانیاری مێژوویی دەربارەی ئەو سەردەمە.

هەر لێرەوە و بە بۆچوونی ئێمە، ئەو حاڵەتی لەت بوونەی نێوان ( ئێمە )ی بابانیەکان کە ( من )ی( نالی ) ئاوێتەی بووبوو، لەگەڵ ( ئەوان )ی ئەردەلانیەکان و بێگانەکان, لەو سەردەمانەدا بوو کە میرنشینی یەکەی بابان لە رووی سیاسیی یەوە ، وەك شێخ رەزای تالەبانی دەڵێ ( نە مەحکوومی عەجەم نە سوخرەکیشی عوسمانیەکان بووە )، بەتایبەتی سالانی فەرمانرەوایی مەحموود پاشاو دوا سالانی فەرمانرەوایی سلیمان پاشاو سەردەمی ئەحمەد پاشای بابان کە شێخ رەزا یادی دەکاتەوەو ( نالی )ش لە دەقێکیدا هەم شین بۆ سلیمان پاشا دەکات و هەم شادمانی خۆی بۆ جێنشین بوونی ئەحمەد پاشا دەردەبڕێ و لە دەقێکی تریدا وەسف و ستایشی سوپای بابانیکان دەکات.( ١٩ ) دیارە هەر لەو سەردەمانەشدا بووە کە( نالی ) چ وەك فەقێ و چ وەك مەلایەکی شارەزا لە سلێمانی رۆژانێکی ئەوتۆی تیا بە سەربردووە کە لەلا پەرەی یادگارەکانیدا بە زیندوویی ماونەتەوە و لەناو کۆمەڵێکدابووە کە بە لایەوە( هەموو ئەهلی دانشن و هەم نازیمیعوقودن وهەم نازیری ئومورن )( ٢٠ )

واتە بۆ( من )ی ( نالی ) , کۆمەڵێکی سایکۆلۆژی بووەو ( من )ی تیادا ئارام بووە, هەر بۆیە ( من )ی ( نالی )بووە بە بەشێك لە ( ئێمە )یبابانیوکۆمەلانی خەڵکی میرنشینی یەکەی بابان

ئەم بۆچوونەمان نزیکە لە بۆچوونێکی( نەوشیروان مستەفا ) کە رای وایە : لە سەردەمی( ئەحمەد پاشای ) باباندا : (( شیعربەلەهجەی بابان گەشەی کردو، قوتا بخانەی شیعری بابان لە لایەن ٣ کوچکەی هەڵکەوتوو: نالی، سالم، کوردیەوە، دامەزێنرا. ))( ٢١ ) ئەوەی لەم بۆچونەدا سەرنج رادەکێشێ هەردوو وشەی( گەشەیکردو ) و ( دامەزێنرا )یە ،کەئێمە لەگەڵ( گەشەسەندنەکەی ) شیعری کرماجی خواروو داین لەو سەردەمەدا ، بەلام لەگەڵ ( دامەزراندنەکەیدا ) نین، چونکە بە بۆچونی ئێمە بزووتنەوەکە پێش فەرمانرەوایی( ئەحمەد پاشا ) چەکەرەی کردووە، بە بەڵگەی ئەوەی ناشێ ئەو شیعرەی کە( نالی ) بە بۆنەی کۆچی سلیمان پاشاو جێنشین بوونی ئەحمەد پاشاوە دایناوە، یەکەم بەرهەمی ( نالی ) بوو بێت، چونکە خودی دەقەکە ، بە ئاوێتە کردنی لاوەندنەوەو ستایش پێکەوە ، بە جۆرو چەشنێکی هونەری وا بەرز، بەرهەمی شاعیرێکی خاوەن ئەزموونی شیعرییە نەك بەرهەمی شاعیرێك کە تازە یەکەم هەنگاوی شیعری

نابیٚ. بەم پێیە ئێمە سالانی فەرمانرەوایی( مەحموود پاشای بابان ) بە زەمینە خۆشکەری بزووتنەوەکە دادەنێین، بەتایبەتی ئەو سالانەیکە( عەول )یرێبەری( جەیمس بیلی فرەیزەر)، لەسالی( ١٨٣٤ )دا ،بە سالانی بەر قەرار بوونی ئاسایشی دادەنیٚ و بە( فرەیزەر)دەلیٚ: (( ئەمە لەسەردەمی ئەورەحمان پاشای باوکی سلیمان پاشاو مەحموود پاشادا وەها نەبوو، لە سەردەمی ئەودا کاری لەم بابەتانە رووی نەئەدا، لەو پەریقەلەمرەویپاشایەتی یە وە تا ئەمپەری لە سەردەشتەوە تا کفری، لە کۆیە تابانە گەوهەرت بە سەرەوە بوایە و زێرت بە دەستەوە بوایە ئەتوانی برۆی بیٚ ئەوەی هیچ کەس هیچت لیٚ بسەنیٚ ))( ٢٢ )، ئەو سالانەش هەر ئەو سالانە بووە کە ( مەولانا خالید ) لە سلێمانی جێنشین بووەو ( خانەقای مەولانا ) ئاوەدان بووە، دوا سالانی ( سلیمان پاشا )ش سالانی چەکەرە کردنی بزووتنەوەکە بووە، هەرچیدەربارەیسالانیفەرمانرەوایی( ئەحمەد پاشا )شە، ئەواسالانی زێرینی بزووتنەوەکەبووە و ئەو سالانەبووە کە( سالم )تیایدا وتوویەتی:

لە رۆژی ئیمتحانا دیم بەرابەر تالب و مەعشووق
کەمەر بەستەی هونەر هاتن لە تیپی عشق بازانا
لە یەك لا نالی و مەشوی لە لاییٚ سالم و کوردی
لە هەنگامەی هونەر گەرمی تکاجۆبوون لە مەولانا
لەمەیدانی بەلاغەتدا بەسواری مەرکەبی مەزموون
بە کوردی هەریەکە تازی سواریٚ بوون لە بابانا ( ٢٣ )

هەر لەم چەند بەیتەی( سالم )دا دەتوانین ئەم راستیيانە هەلێنجین:

١- لە لای ( سالم )یش هەمان حالەتی( ئێمە-ئەوان ), رۆلی لە داهێنانی شیعریدا بینیوە و لەو دیو چالاکی شیعری ( سالم )ەوە لەکاردا بووە.
٢- دەنگی( سالم )لەوێدا دەنگی( ئێمە )یە کە ( من )ی ( نالی )وشاعیرانی ئەو سەردەمەی ئاوێتە بووەو ئاکامی ئارامی کۆمەلگاکە بووە کە جۆرێك لە هاوسەنگی سایکۆلۆژی بۆ ( من )ی شاعیر سازداوە. بەم پێیە ( من ) لە بازنەی( ئێمە )دا رووەو داهێنان هەلکشاوەوحالەتی نائارامی بۆ( من )ی بەشێك لە( ئێمە )، بەرامبەر( ئەوان )ی بێگانە بووە. نائارامیەکەش ئاکامی هەست کردن بووە بە دواکەوتوویيان لە بواری شیعریدا لە چاو ( ئەوان )ی بێگانەداو هەولٚ دان بووە بۆ نەهێشتنی ئەو کەم وکوری یە , هەر وەك نیوە بەیتی( بە کوردی هەر یەکە تازی سواریٚ بوون لە بابانا ) هێمای بۆ دەکات . دانانی ئەم چەشنە حالەتەش بە فاکتەرێکی داهێنان لە لایەن زووربەی لێکۆلەرانەوە پشتگیری کراوەو بروایان وایە کە: (( یەکەم هەنگاو لە راڤەکردنی داهێنانی هونەریدا دەبیٚ پەردە هەلمالین بیٚ لە رووی ئەو کەم وکوريانەی کەشاعیرلە ژینگەکەیدا بینیویەتی و چۆنیش هەست کردنی بەوکەم و کوریيە بەرەو چارە سەرێکی وای بردووە کە پێی رازی بێت )) ( ٢٤ )
٣- ئاسایيیە کە لەو( رۆژی ئیمتحانە )شدا هاوسەنگیيە سایکۆلۆژیيەکە بۆ ( من )ی شاعیر تووشی لەقین بێت و( من )ی شاعر لە( ئێمە ) دابریٚ و بەمەش جاریکی ترنا ئارام بێت و لە رێگای داهێنانەوە هەولی پێك هێنانەوەی ( ئێمە ) بداتەوە, کە ئێمەی شاعیران و( کەمەر

بەستەی هونەر)بوون. بەم پێیە, (من)ی (نالی) لە دوو هەڵوێستدا دەبینری: (من)ی ئاوێتە بوو بە(ئێمە)ی (بابان)ییەوە بەرامبەر(ئەوان)ی (گۆران)و(بێگانە)و هەڵوێست(من)ی دابراولە(ئێمە)ی بەرامبەر(ئەوان)ی کۆمەڵەکەیەوەکە لە بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکەماندا باسی دەکەین .

هەر ئەو راستیانە بۆ خۆیان, دەتوانن راڤەی بایەخدانی (نالی) بە سنعەتکاری بکەن وزیاتر لە راستی بۆچوونەکەی (ئەمین فەیزی)مان نزیك بخەنەوە کە دەربارەی (نالی) دەڵێ: ((زەکای نالی ئینکار ناکرێ، لاکین ئەوەندەی سەنایعی لەفزییەی ئیستعمال کردووە، پیاو رەنگە بڵێ شیعری ئەو نەتیجەی عیلم و ئیشتغالە))(٢٥). دیارە کە ئەم ئەرکی جوانی بینینەش بە شیعر لە لایەن (نالی)یەوە ، هەر بەو مەبەستە بووە کە بە هونەری شیعرو بەو چەمکەی لەو سەردەمەدا شیعر هەڵگری بووە، شان بدات لە شانی (ئەوان)بێگانە" بەم پێیە، وەك (پیرەمێرد) دەڵێ: ((لازمە لە بیرماندا بێت(نالی) لە زەمانێکدا ژیاوە کە شەرائیتی کەمالی شیعر عیبارەت بووە لە جیناس ،ئیستعارە، لەف ونەشر، جەمعی ئەزدادو سائیرە. وەلحەق لە مانەدا قەڵەمی نالی لە هیی شاعیرەکانی تر زیادتر مووەففەق بووە.))هەربۆیە((لە نەزەر (نالی)دا شیعر ئەسڵ وغایەیە، قەت بە وەسیلەی لە عەمەل نەهێناوە. حەیات ،عیشق، حەتتا حیسسیاتی باوکی لەلای ئەو عیبارەتن لە شیعر. بۆ ئەو گوارەیەك, گوڵێك موودنەیەك پانی بەرزێك, مووساوییەن باعیسی ئیلهام وجۆششی حیسسیاتی بووە))(٢٦).هەر لێرەوەو بە بۆچوونی ئێمە دەنگی شیعری (نالی) لە قۆناغی یەکەمی تەمەنە شیعرییەکەیدا, دەنگی شاعیرێکە کە سەرقاڵی(نوکتە سەنجی وبەزلە گۆیی و عەنبەر ئەفشانی ومەعنا ئارایی)(٢٧)بووە تابتوانێ شان بدات لە شانی(خاقانی و موحتەشەم وسائب)کە شاعیرانی سەردەمی جیاجیای شیعری فارسین و سەربە شێوازی جیاجیای شیعری فارسین، تەنانەت هەر بە (مەحەکی هیممەتی)خۆی بەرەو پێشتر هەڵکشاو لە باتی دیوانێ بووە خاوەنی سێ دیوان و(فارس و کورد و عەرەب، هەر سێی بە دەفتەرگرتووە)(٢٨)، بۆ ئەوەی لە مێژوودا لاپەرەیەکی گەش بۆ گەلەکەی و بۆ خۆی دەستەبەر بکات، دیاریشە کە ئەو خواستە،لەو سەردەمەدا هەر بە هونەری شیعر بە دی دەهێنرا و هەر ئەو لاپەرەیەش بوو کە دوای نیوسەدەیەك رووناکبیران و رۆشنبیرانی کورد لەگەڵ لاپەرەی تری شیعریدا ، مێژوویکوردیان پێ رۆشن دەکردەوە، هەروەك لەم چەند دێرەی (نجم الدین) ناوێکی خەڵکی سلێمانیدا دەبینرێ کە لە گۆڤاری(رۆژی کورد) دا بلاوی کردۆتەوەو دەڵێ: ((مەعلومە کە ئەوروپا دەڵێن کورد زبانی نییە بێ ئەدەبیاتە و لە ناو جهانا عام قام بووە کە کورد ئەشقیایە و معلومی هەموو کەسە کە کورد چەند پیاوی عالم چەند شاعرچەند سیاسیچەند عابدی هەیە.... سلێمانی ئەو مەخزەنەی علم وعرفانە پیاوی وەك شێخ معروف... وەك نالی وەك سالم و مستەفا بەگ وحاجی و شێخ رەزای هەیە....لە مەسلەکی ئەشعارا نالیورەفیقانی ئیمرۆ قەومی کوردیان ئیحیا کرد..))(٢٩)

ئێمە لێرەدا کەباس لەقۆناغی یەکەمی تەمەنە شیعرییەکەی(نالی) دەکەین و لە چەند قۆناغێکی شیعریدا دەبیینین " بۆ ئەوە دەچین کە لەم قۆناغەدا دەنگی(نالی) دەنگی شاعیریکی خوین کەرم و سەرکەشە, دەنگی شاعیرێکە کە هونەرمەندانە قەڵەمکاری لە وێنەی شیعریدا دەکات، هەر بۆیە وێنە شیعریەکانی زیاتر بۆ شارەزایانی هونەری رەوانبێژی بنیاتنراوەو نەبووبوونە بەشێك لە نەشونمای حسی

خودی( نالی )خۆی، بەڵکو ئەم دیاردەیە لە قۆناغێکی تری تەمەنە شیعرییەکەیدا بەدی دەکرێ کە ئێمە بە قۆناغی دووەمی دادەنێین و لە رووی مێژووییەوە یەك دوو ساڵێکی پێش بە جێهێشتنی سلێمانی دەگرێتەوە کە دەکەونە نێوان سالانی ١٨٤٥-١٨٤٨ . هەرچی قۆناغی سێیەمیشە ئەوا لە دوای کۆچ کردنی لە سلێمانی یەوە دەست پێ دەکات و تا کۆچی دوایی دەخایێنێ لە ئەستەمول.

جا لەو سالانەی قۆناغی دووەمی تەمەنە شیعرییەکەیدا دەنگی ( نالی ) دەگۆڕێ‌و دەبێتە دەنگی شاعیرێکی بێزارو بێ ئۆقرەو دەنگی مرۆڤێك کە دەیەوێ رێرەوێکی تر لە ژیاندا بۆ خۆی بکاتەوەو مەبەستێکی تر بۆ خۆی رەنگ رێژ بکات، وەك لەم بەیتانەیدا بەدی دەکەین :

نیشانەی پوختەگی بێ دەنگی یە ( نالی ) ئەگەر پوختەی
بە حوجەت تەی بکە نامە، بە حیددەت پەی بکە خامە( ٣٠ )
*****************

عومرێکە بە میزانی ئەدەب توحفە فرۆشم
زۆرم وت و کەس تێی نەگەیی، ئێستە خەمۆشم( ٣١ )
*****************

( فاتیحە ) تەسخیرە شاری دڵ بە تابووری ئەلەم
موددەتێکی زۆرە پاتەختە لەبۆ خاقانی غەم( ٣٢ )
*****************

ئەلا ئەی نەفسی بووم ئاساهەتا کەی حیرصی وێرانە
لەگەڵ ئەم عیشقبازانە برۆ بازانە ، ئازانە( ٣٣ )
***************

تالیبی راهی حیجازم لە موخالیف هەڵدە
بێ نەوا قەلبی حەزینم قووەتی بەندی نییە ( ٣٤ )

بەو پێیەو بەبۆچوونی ئێمە ئەو چەشنە خۆ بینینەی ( نالی ) لە بازنەیەکی داخراودا ، بە بریاری چوونە حەج ئەوبازنەیەدەشکێنێ وبەمەش قۆناغی دووەمی تەمەنە شیعریەکەی دوایی پێدیت و کۆتایی بە تاقیکردنەوەکانی دێت لە کوردستاندا و قۆناغی سێیەمی تەمەمەنە شیعریەکەی دەست پێ دەکات. کەواتە بە لای ئێمەوە چوونی ( نالی ) بۆ حەج ، پێش لە ناوچوونی ئیمارەتەکەی بابان بووەو پێش کۆتایی هێنان بووەبە دەسەلاتی دوا فەرمانرەوای بابانیەکان کە عەبدولا پاشابووە ( ٣٥ بریاری چوونە حەجەکەشی بۆخۆی ئاکامی دامرکاندنەوەی کەف و کوڵی لاوێتیەکەی بووە بە چوونە ناو پایزی تەمەنەوە ، هەر بۆیە ئێمە ئەو بریارەی بە بریاری جێهێشتن و ماڵئاوایی کردن لە کوردستان نازانین، وەك لە ناو نووسەران و لێکۆلەراندا باوە( ٣٦ ) ، بەڵگەشمان ، جگە لە خودی بریارەکەی کە چوونە حەجە نەك جێهێشتنی کوردستان، ئەم دوو بەیتەی ناو نامە شیعری یەکەیەتی کە تیایاندا دەڵێ:

واسیل بکە عەبیری سەلامم بە حوجرەکەم
چی ماوە چی نەماوە لە هەیوان وتاق وژوور

******************

ئایا مەقامی روخسەتە لەم بەینە بێمەوە

یا مەسلەحەت تەوەققوفە تا یەومی نەفخی سوور( ٣٧ )

لە بەیتی یەکەمدا ، یادکردنەوەی حوجرەکەی وەك بەشێك لە ڕێژنەی دابارینی یادەوەریەکانی، بەشێوەیەك دەربڕراوە کە دەلالەت لەوە دەکات کە حوجرەیەکی تایبەت بە( نالی )بووەو کاتێ سلێمانی بەجێهێشتووە ، حوجرەکەی چۆڵ نەکردووە بەڵکو بە نیازی گەرانەوە ماڵئاوایی لەویش کردووە. تەنانەت لە وەڵامەکەی( سالم )یشدا هەمان دەلالە تمان دێتە بەر دەست کە دەڵێ:

دل نایەڵێ بڵێم چییە سامانی حوجرەکەت

هەرتاری عەنکەبووتە حیجابی بیرون ودەر( ٣٨ )

بەیتی دووەمیش ئەو راستیەیەمان دەخاتە بەردەست کە بۆ یەکەم جارە ( نالی )رووبەرووی ئەو پرسیارە دەبێتەوە کە چی بکات ؟ ( دەردی غوربەت و سۆزی هیجرەت ) کە ( دڵ دەتوێننەوەو دەیکەن بە ئاوو بە چاویا دەکا عبور ) هەڵبژێرێ یان بچێتەوە سلێمانی یەکی داگیرکراو و بە کولە مەرگی تیایدا بژی؟ بێگومان خۆی نەیتوانیوە وەلام بداتەوە، هەر بۆیە رووی لە ( سالم ) کردووە ، سالمیش کە سەردەستەی ئازار چەشتوانی ئەو بارودۆخەیە راستگۆیانە ئامۆژگاری دەکات و ئەو راستیەیەی دەخاتە بەر دەست کە غەمی غەریبی و دووره ولاتی سووك ترە لە غەمی مرۆڤێك کە لە ولاتە پر شکۆکەی دوێنێیدا غەریب و بێکەس بژی :

تو خودا بڵێ بە حەزرەتی نالی دەخیلی بم

بەم نەوعە قەت نەکا بە سولە یمانیا گوزەر

( سالم )سیفەت لە بێ کەسیا با نەبێ هیلاك

من کردم ئەونەکا لەغەما خوێنیخۆی هەدەر( ٣٩ )

لێرەداو بۆ زیاتر جێگیرکردنی بۆچونەکا نمان ، ئاور لە راو بۆچوونی چەند لێکۆڵەرێك دەدەینەوە کە دەربارەی کۆچ کردنی ( نالی )، راوتێروانینی جۆراو جۆریان خستۆتە بەردەست کە جێگای بایەخ پێدانن.

دکتۆر مارف خەزنەدارلە( دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی )یەکەیدا رای وایە کە( نالی ): (( لە پێش رووخانی میرنشینی سلێمانی ولاتی بەجێ هێشتووەو چووەبۆحەج )( ٤٠ )، لە( میژووی ئەدەبیکوردی )یەکشیدا دەلی: (( بەلای ئیمەوە نالی دوای سالی ١٨٤٤م لە پاش لابردنی ئەحمەد پاشاو دامەزراندنی عەبدوللا پاشا لە جیگەی ئەو لە لایەن دە سەلاتی عوسمانییەوە هیشتا لە سلیمانی بووەو بۆ هیچ لاییك باری نەکردووە بەلکە لەو کاتەی دەسەلاتی عوسمانی عەبدوللا پاشای لابردووەو پیاوی خۆی لە جێی داناوە واتە لە سالی ١٨٥٠-١٨٥١ نالی لە سلیمانی دەرچووە ))( ٤١ )، هەر لە هەمان سەرچاوەدا دکتۆر مارف خەزنەدار دەلی : (( وەکو ئاشکرایە لە دەوروبەری روخانی میرنشینی بابان دوور دەکەویتەوەو لە ئەستەموول کۆچی دوایی دەکات ))( ٤٢ )

محمدی مەلا کریم، بۆچوونی یەکەمی دکتۆر مارف خەزنەدار بە راست نازانێ و رای وایە کە ( نالی ) (( لە

پاش رووخانی میرنشینی بابانەکان کوردستانی بە جێ هێشتووە ))( ٤٣ )، بۆ بەڵگەی بۆچوونەکەشی چەند بەیتێك لەو قەسیدەیە دەهێنێتەوە کە ( نالی ) بە ( ئەلا ئەی نەفسی بووم ئاسا هەتا کەی حیرسی وێرانە ) دەستی پێ کردووە، دەڵێ: (( مەبەستی لە وێرانە ولاتەکەی و لە کوندەبوو ئەو کەسانەیە کە رازی بوون بە سەر شۆری لە ژێر سایەی عوسمانیەکاندا بژین ))( ٤٤ )

گومانی تێدا نییە کە ئەم بۆچوونەی( محمدی مەلا کریم ) گەلێ لاوازە لە چاو بۆچوونێکی پێشتریدا کە دەربارەی هەمان قەسیدەیەو لە راڤەکردنی ئەو دێرەدا لە ( دیوانی نالی ) دا بەوە لێکدراوەتەوە : (( واتە ئەی نەفسی حەز لە ئاوەدانی نەکردووی، وەك کوندەبەبووی وێرانە نشین ! ئەم دنیا لە چاو ئەو دنیادا وەك کەلاوەو وێرانە وایە، دەسا تۆ تا کەی دەس بەرداری ژینی ئەم کەلاوە وێرانەیە نابی...... دووریش نییە مەبەستی نالی لە ( وێرانە )سولەیمانی پاش رووخانی بابانەکان بێ و ئەم قەسیدەیەی لە پاش بە جێ هێشتنیکوردستان و رووکردنە مەککەو مەدینە دانابێ ))( ٤٥ )

دیارە کە راڤەکردنی دووەم بۆخۆی بە راڤەکردنی یەکەم بە تەواوی دەرەوێتەوە، چونکە ئاشکرا دیارە کە مەبەستی ( نالی ) لە ( وێرانە )ی ناو ئەو دێرە، ( دنیا )یە نەك( سلێمانی )، تەنانەت دەربارەی بەیتی دووەمی ئەو قەسیدەیە کە( نالی )تیایدا دەڵێ:

موسولمانان! لێرە مانی خان و مانت هەر نەمان دێنێ

پەشیمان بە کە دەرمانی نەمانت مایەی ئیمانە( ٤٦ )

رایان وایە کە : (( لەم بەیتەشدا نالی لە سەرزەنشت کردنی نەفسی خۆی بەردەوامەو بە خۆی ئەڵێ: ئەی موسولمانان مانەوەی دەست و پەیوەندت لەم دنیایەدا ئەنجامەکەی هەر نەمان و ماڵ وێرانیە ))( ٤٧ )

کەواتە نە دەبوو جارێکیتر ئەو راڤەکردنە لاوازە بە بەڵگەی ئەوە بهێنێتەوە کە( نالی ) پاش رووخانی میرنشینیەکە سلێمانی بە جێهێشتووەو لە پاڵیشیدا بۆچوونێکی لاوازترو نا زانستانە بخاتە روو بەوەی کە بە لایەوە مەبەستی( نالی )( لە کووندەبەبوو ئەو کەسانەیە کە رازی بوون بە سەرشۆری لەژێر سایەی عوسمانیەکاندا بژین )، چونکە ئەگەر ( نالی ) کۆمەلانی خەڵکی بە سەرشۆر دابنایە – بە سالیشەوە- ئەوا ئەو نامە شیعرییە پر سۆزەی بۆ نەدەنووسین" ئەمە سەرباری ئەوەی کە بە درێژایی مێژوو کوردو تاکی کورد لە ژێر دەسەلاتی داگیرکەراندا ژیاون و نەك هەر سەریان شۆرنەکردووە بەڵکومێژوویان لە پێناوی سەربەرزیو شکۆمەندیاندا سوورکردووە، ئەمە جگە لەوەی کە هیچ ڕووناکبیرێك ڕێگا بە خۆی نادا مرۆڤی ژێر دەسەلاتی داگیرکەرو بێگانە بە سەرشۆر ناو ببات تەنانەت لەو حاڵەتەشدا کە بتوانێ وەك تاك لەو ژێر دەستیە دەربازبێت ..سەرەرای هەموو ئەمانە ئاسایییە لێرەدا بپرسین کە دەبێ چەمکی سەرشۆری و سەربەرزی چۆن دیاری بکەین بۆ( نالی )یەك کە نەگەرایەوە کوردستان و لە پایتەختی عوسمانیەکاندا سەری غەریبی نایەوە؟

بەڵگەیەکی تری( محمدی مەلا کریم )بۆ پشتکیری کردنی بۆچوونەکانی ئەم بەیتە فارسی یەی( نالی )یە کە دەڵێ: سوی مسراست مرا عزم از این لجه غم

تا کە در نیل کشم جامە ز بی داد و ستم( ٤٨ )

دەربارەی ئەو بەیتە دەڵێ: (( نیشانەیەکی تریش هەیە کەوا نالی لە تاو ستەمکاران، کە دیارە ئەبێ هەر عوسمانیەکان بن, ولاتی بەجێهێشتووە ))( ٤٩ ). ئێمە لێرەدا ئەو پرسیارە دەکەین کە بۆ مەبەستی ( نالی )

دەبێ هەر عوسمانیەکان بێت؟ ئەی بۆ بابانەکان نەبن و ستەمی بابانەکان نەبێ لە خۆیان و لە خەڵکی؟ کە پرسیارێکەو لە جێی خۆیدایە, هەر بۆیە کردوومانەتە زەمینەی بەشی دووەمی لێکۆلینەوەکەمان.

هەر دەربارەی ئەم باسە( ڕێبوار سیوەیلی )ش کۆمەڵێ تێڕوانینی گرنگی خستۆتە بەر دەست کە جێگای بایەخ پێدانن.

بە لای ئەم نووسەرەشەوە، ( نالی ) لایەنگری بابانیەکان بووەو ئەو لایەنگریەش: (( بریتییە لە ( چارەنووس ) بەستنەوە بەو رۆژگارەوە کە بابانیەکان فەرمانرەواییان دەکرد.. ))( ٥٠ )، بەم پێ یەش بەلای( ڕێبوار سیوەیلی )یەوە: (( نالی ناتوانێت جارێکی دیکە لە ژێر دەسەلاتێکی دیدا ، جگە هی بابانیەکان درێژە بە ژیانی دنیایی بدات چونکە سیستەمی بابان لە لای نالی سیستەمێکی ئایدیالیە، ئایدیالیش قابیلی نەمان و تێکشکان نییە ))( ٥١ ).

دیارە کە ئێمەش لە سەرەتای ئەم بەشەدا بۆ ئەوە چووین کە ( من )ی ( نالی ) لە قۆناغی یەکەمی تەمەنە شیعرییەکەیدا ئاوێتەی ( ئێمە )ی بابانیەکان بووەو لەو بازنەیەشدا چەکەرەی بە تۆوی شیعری کرد، بەلام بە لای ئێمەوە ئەو حاڵەتی ( ئێمە )یە لە لای ( نالی )و لە قۆناغی دووەمی تەمەنە شیعرییەکەیدا درزی تێکەوتوو( من )ی ( نالی ) لێ جیابووەوە، واتە ئەو ( چارەنووس ) بەستنەوەیەی نالی بە بابانیەکانەوە کە ( ڕێبوار سیوەیلی ) باسی دەکات تا سەر نەمایەوە ، بۆیە مەرجی هاتنەوەی ( نالی ) لەباریی بارودۆخەکە بووە دوای نەمانی بابانیەکان، چونکە ئەگەر کوردستانی بە بابانیەکانەوە ویستبێ ئەوا پێویستی بەوە نەدەبوو بپرسێ کە ( ئایا مەقامی روخسەتە لەم بەینە بێمەوە )؟.

ئەم بۆچوونەشمان بۆخۆی کە لە ( ڕێبوار سیوەیلی )و سەرجەمی لێکۆلەرانیتر جیامان دەکاتەوە ، دەبێتە ئەو بوارەی کە بەشی دوومی لێکۆلینەوەکەمان رووی تێ دەکات .

**بەشی دووەم : هۆکارە خودیەکان ( من _ ئەوان ):**

هەر لە پاڵ ئەو هۆکارە دەرەکی و کۆمەلایەتیانەی کە زەمینەی ئاوێتە بوونی ( من )ی ( نالی )یان بە( ئێمە )ی بابانیەکانەوە ساز دابوو، هۆکارێکی تری گرنگ کە لە خودی ( نالی ) خۆیەوە سەرچاوەی گرتبوو، بزووێنەریکیتری کەسی ( نالی ) بوو لە هەنگاونانیدا بەرەو داهێنان. مەبەستمان لەو هۆکارەش حاڵەتی لەت بوون و درز کەوتنە نێوان ( من )ی( نالی ) و ( ئەوان )ی کۆمەڵەکەیەتی، کە ( من ) هەوڵ دەدات لە رێگای چالاکی جۆراوجۆرەوە ئەو درزە پرکاتەوەو حاڵەتی( ئێمە ) پێك بێنێتەوە کە بۆ( من ) دەبێتە کۆمەڵێکی سایکۆلۆژی ئارام. دیارە روودانی ئەم حاڵەتە دەروونیەش لە پاڵ حاڵەتی ( ئێمە- ئەوان )دا ئاساییە چونکە ( من )ی هەر تاکێکی ناو کۆمەل و لە بازنەی ( ئێمە )دا بەردەوام هەوڵی خۆ جێگیرکردن و شوێن پێ کردنەوە دەدات بە تایبەتی ( من )ێك کە نەیەوێ بە مل کەچ کردن بۆ واقع ببێتەوە بەبەشێك لە( ئێمە ).

بەم تێڕوانینەمان و بە روانینمان لەو روانگە سایکۆلۆژیەی کە بەلایەوە( چالاکی داهێنان لەو خاڵەوە دەست پی دەکات کەحاڵەتی ( ئێمە )ی تیا لەت دەبێت و( من )ی داهێنەر لەکەسانی تر جیا دەکاتەوە ))( ٥٢ )، هەوڵ دەدەین پەردە لەسەر سروشتی ئەو دیاردەیەو ئاکامەکەی لەلای ( نالی )

هەڵدەینەوە.

سەرەتا با گوێ لە وتەی هەندێ داهێنەری جیهانی و لە ( نالی )ش بگرین بزانین چۆن لە داهێنان دەروانن:

( شللی بە بایرۆنی وتووە: تۆ لە ناو هەموو خەڵکیدا هەڵبـژێرراوی تـا پرۆژەیـەکی فکـری مـەزنتر لـەوەی ئەوان دەسەلاتیان بە سەردا دەشکێ، بەدی بهێنیت.

بایرۆنیش دەڵێ: ئەگەر نەتوانم لە هەمووان سەرکەوتووتربم ئەوا هەوڵدان بۆ من هیچ ناگەینێ.

تۆلستۆش وتوویەتی: زۆر جار خۆم بەو پیاوە مەزنە دادەنا کە لە پێناو خێری مرۆڤایەتیدا پەردە لە سەر را ستی یەکان هەڵدەدەمەوە.

ئەدگارئالان پۆش دەڵێ: پێش هەموو شتێ و بە پلەی یەکەم خەمی من داهێنان یان رەسەنایەتی بووە( ٥٣ ).

( نالی )ش وتوویەتی:

خەلقی هەموو کۆدەکن و بەستە زوبان

با بێن و لە نالی ببیەن شیعری سەلیقی( ٥٤ )

لە هەموو ئەو وتانەدا دیاردەی کەرت بوونی ( ئێمە ) بە دیدەکری و هەموویان ئەو راستیە دەخەنە روو کە بەردەوام ( من و ئەوان ) لە ئارادا دەبێت.

هەر لێرەوەو بە بۆچونی ئێمـە هـەوێنێکی بلیمـەتی ( نـالی ) و چـالاکیە رۆشـنبیری‌وئەدەبیەکانی ئاکـامی حاڵەتی لەت بوونی( ئێمە )و پێك هێنانی حاڵەتی( من و ئەوان ) بووە لەلای.

ئەوحاڵەتەش بۆخۆی رەخسێنراوو بزوێنراوی‌حاڵەتی هەڵواسینی‌کەسێتی‌یەکەی‌بووەلەنێوان چین و توێژە کۆمەلایەتی یەکانی سەردەمی فەرمانرەوایی بابانیەکاندا.

لەو قۆناغە مێژوویی‌یەدا، کۆمەلانی خەڵکی ژێـر دەسـەلاتی بابانیـەکان، دابـەش کرابـوون بـە سـەر دوو چیندا، ( نەجیبزادە و رەشوو رووت )یان وەك باو بـووە ( نـەجیبزادەکان ورەشـوورووتەکان )، نـەجیبزادەیی شەهامەت و کەورەیی وەکو پێوانەی مەزنی و لێهاتوویی لە جەمسەرێکدا و کەمی و بچووکیش لـەوی تـردا" نەجیبزادەکان بە جەنگاوەرە- خزمەتکارەکانیانەوە کە بە زاراوەی ( سـوپا ) خۆیـان لـەو جوتیـارە نیمچـە کۆیلانە جیا دەکردەوە کە بە( مسکێن ) ناویان دەبردن و بە شانازی‌یەوە باسی بالا دەستی خۆیانیـان بەسـەر جوتیاراندا دەکرد( ٥٥ ).

دەکرێ لێرەدا راستی ئەو چەشنە تێروانینەی نەجیبزادەکان بۆ جوتیارەکان لە وتـەی ئـەو نەجیبزادەیـەدا بەدەست بهێنین کە بۆ ( ریچ ) دەدوێ و دەڵێ: (( تورکەکان ئێمە هەموومان بـە کـورد نـاو دەبـەن و ئاگـاداری جیاوازیەکانی نێوان ئێمە نین لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە زۆر جیـاوازین لـە خـەڵکی جوتیـار، ئـەمان گەمـژەن و تورکەکان بە خۆشحاڵیەوە ئێمەش وا لە قەڵەم دەدەن ))( ٥٦ )

لە نێوان ئەو دووچینەشـدا توێـژێکی‌تری کۆمەلایـەتی لەقۆزاغـەدا بـوون کـە بریتـی بـوون لـە بازرگـان و کاسپکاران، ئەم توێژەش نەك هەر لە بازنەی دەرەوەی بنەماڵەی بابانەکان دانرا بـوون بـەڵکو بەرەیـەکی دژایەتی کەری بابانیەکانیان لی ٚپێك هاتبوو، هەر وەك ( سالم ) دەربارەیان دەڵێ:

لە ئەسلا بانی ی ئەم کارە کاسبهای شەهری بوون

لە ئەمری فیتنە ئەنگێزا سەراسەر میسلی مەردانن( ٥٧ )

جـا کـاتێ ( نالی )یـەکی شـارەزووریش هاتـە ناوشـار، راسـتەوخۆ کەوتـە نـاو گێـژاوی ئـەو ناکۆکی‌یـە

چینایەتییەوە، ئەگەر چی ئەو توێژەی کە ئەمی تێدا جێگیر بوو، بریتی بوو لەو توێژە رۆشنبیرەی کە مەلاو زانایانی ئاینی و ئەدیبیان پێك هێنەری بوون و بە پێی نەریت و رێو رەسمی فەرمانرەوایی لە ناوچەکەدا بۆخۆیان ئەڵقەیەکی نزیك بوون لە فەرمانرەواکانەوەو رادەی ئەو نزیکییەش بە پێی کەسی فەرمانرەوا دەگۆرا، بەلام وەك ئێمە بۆی دەچین نزیکی ئەو توێژە رۆشنبیرە لە کۆشکی پاشایەتی بابان نەك هەر نەبۆتە دیاردەیەك وەك لەلای میللەتانی تری ناوچەکەو تەنانەت لە کۆشکی فەرمانرەوایی ئەردەلانیەکانیشدا بەدی دەکرێ، بەڵکو ئەگەر جاربەجارێ ئەو نزیك بوونەوەیە بەدی هاتبێت ئەوا ئەوەندە بە جێگیری نەماوەتەوە تا رەنگدانەوەیەکی دیارو ئاشکرای لە مێژووی قۆناغەکەدا دابێتەوە.
ئەشێ هۆکارێکی ئەو رەوشە دیاردەی شلۆقی فەرمانرەوایی بابانیەکان بووبێ بەوەی کە هیچ فەرمانرەوایەکیان هەلی ئەوەی بۆ هەڵنەکەوتووە کە بە ئاسوودەیی ئەوەندە بمێنێتەوە کە بپەرژێتە سەر لایەنی رۆشنبیری، وەك لە سەردەمی فەرمانرەوایی سلێمان پاشاو ئەحمەد پاشای کوریدا هەستی پێ دەکرێ و بۆخۆی نە نجامێکی دیاریشی لێ کەوتەوە " جا لەگەڵ شیاوی ئەو هۆکارە دا ، ئێمە بۆ ئەوە دەچین کە هۆی سەرەکی لەنزیك نەبوونەوەی رۆشنبیران لەکۆشکی بابانیەکان وجێگیرنەبوون وبەردەوام نەبوونی پەیوەندی نێوانیان، دەگەرێتەوە بۆ خۆ هێشتنەوەی بنەمالەی بابانێکان لەو بازنە خێڵایەتیەدا کە هێندە بە پیرۆزی تێیان دەروانی کە ئاسایی بوو بە لایەنەوە کابرایەکی خێڵەکەیان لە دارەشمانەوە بێت و( راستەوخۆ روو لە کۆشکی میر بکات و پێش ئەوەی میر فەرمووی لێ بکات ، بچێتە تەنیشت میرەوەو قەنەیەکیش داگرێتەوەو دایگرسێنێ و پاش مژلێدان ئینجا بە میر بڵێ: ئێ، ئامۆزا ، پێم بڵێ حاڵت چۆنە و... )( ٥٨ ) ، بەلام ئاسایی نەبووە کەسێکی دەرەوەی بنەماڵەکە بتوانێ بچێتە ناو بازنەی بنەماڵەکەوە تا خۆیان بۆیان نەکردایەتەوە ، ئەو بازنە کردنەوەیەش دەگمەن بووەو مەگەر بۆ یەکێکی وەك ( مستەر ریچ ) کرابێ کە( عوسمان بەگی ) برای ( مەحموود پاشا ) پێی دەڵێ: (( وەك یەکێك لە خێڵەکەی خۆیم دائەنێ و هیواداره هەمیشە دۆستایەتیمان لە نێواندا پتەوبێ ))( ٥٩ ) ، تەنانەت لە کاتی نزیك بوونەوەی کەسانی سەر بە توێژە رۆشنبیر و زاناو مەلاکان لێیان ، لە لایەك ئەو نزیك بوونەوەیە قورس بووە لە سەر دڵیان، وەك ( عوسمان بەگ ) کە لە( ریچ ) ئەبیسێ کە ( پیاوی ئاینیش پرکێشی ئەوە ناکات بەرامبەر شای بەریتانیا دابنیشێ ) روو لە دانیشتوانی دیوەخانەکەی دەکات و دەڵێ:(( چاوتان لێیە لەولاتی ئەمان مەلاکان دەستیان ناروات ))٦٠ لە لایەکی ترەوە نزیك بوونەوەکە هێندە کاتی بووە کە زۆر ئاسایی بووە لەماوەی شەوورۆژێکدا بەراژەی سەدوهەشتا پلە پێچەوانە بێتەوە، وەك لە رووداوی هەلاتنی ( مەولانا خالید )دا دەبینرێ، کە تا دوێنێ مەحموود پاشاو عوسمان بەگی برای موریدی بوون کەچی کتوو پر لێی بوونە دوژمنێکی ئەوتۆ کە ناچار بێ هەڵبێت لە دەستییان( ٦١ ). ( شیخ مارفی نۆدێ )یش کە لەو رۆژانەی( مەولانا خالید )ی تیا دەربەدەرکرا ، دەست رۆیشتوو بووەو سەردەستەی ئەو مەلایانە بووە کە( عوسمان بەگ )بێزار بووە لێیان، هۆی ئەوەش ئەوەبووە کە ( شێخ مارف ) بەلای عوسمانیەکاندا شکاندوویەتیەوەو بەمەش بووەتە هاوبیری ( مەحمود پاشا ) کە لە ژێر کاریگەری ئاینیدا رووی لە عوسمانیەکان کردووە، ئەمە لە کاتێکدا کە( عوسمان بەگ )و( سلێمان بەگ )ی براشیان چارەی عوسمانیەکانیان نەویستووەو ئەوانەشیان خۆش نەویستووە کە روویان لە تورکەکان کردووە( ٦٢ )، جا هەر

ئەو( شـــیخ مـــارف )ە دەســـت رۆیشـــتووەی ســـەردەمی( مەحموود پاشـــا )، لە دوای دە دوانـــزە ســـالێك وەك( مەولاناخالد )بەناچاری سلێمانی بەجێ دەهێڵێ و لە بارێکی بێزیوی سەختدا لە ژێر دەسەلاتی عوسمانیەکاندا ژیان بەسەر دەبات، وەك لەو نامەیەیدا دەردەکەوێ کە بۆ( عەلی رەزا پاشای والی بەغداد( ١٨٣١-١٨٤٢ )ی ناردووە.( ٦٣ ).

بەم پێیە نزیك بوونەوەی کەسانی دەرەوەی بنەماڵەی بابانەکان لە فەرمانرەواکانیان، نزیك بوونەوەیەکی کاتی بووە، چونکە لە دەرەوەی بازنەی خێلایەتیەکەدا ماونەتەوەو نە بابانیەکان ئامادەبوون بیان هێننە ناو ئەو بازنەیەوەو نە ئەو کەسانەش لە کاتی پێویستا وەك خێڵەکیەك رەفتاریان کردووەو بە پێی نەریتی خێلایەتی ئەگەر میرێك یان پاشایەك دوور بخرایەتەوە ، ئەوانیش وەك پیاوەکانی ئەو میرە یان پاشایە وازیان لە سەروەت و سامانی خۆیان بهێنایەو دوای بکەوتنایە( ٦٤ )

کەواتە رۆشنبیرانی ئەو قۆناغە مێژوویيە راستەو خۆ و بەهۆی ئینتمای چینایەتیانەوە، دابراو بوون لە فەرمانرەواکان و ئەگەر رۆژێك لە رۆژان نزیکیش بووبنەوە لێیان ئەوا نەتوانیویانەو نە بۆشیان لواوە، ئینتمای چینایەتی و فکری خۆیان داماڵن وبگوێزنەوە ناو چینی دەسەلاتداری خێڵەکی، هەربۆیە ناکۆکیە چینایەتیەکە بۆ خۆی رەنگ رێژکەری مێژووی ئەو قۆناغە بووە با هەندێ جاریش چین و توێژە جیاجیاکان لە یەك بازنەی بیر وچالاکیدا ببینرێن ،وەك لەسەردەمی ( ئەحمەد پاشا )دا هەستی پێ دەکەین کە دەکرێ بە دیارترین سەردەمی یەکگرتنی چینەکانی کۆمەڵی کوردەواری دابنرێ لەو قۆناغەدا، هەر بۆیە( من )ی ( نالی ) تیایدا بووە بەشێك لە( ئێمە )ی کۆمەڵ کە بۆخۆی سالانی( ئێمە )ی ( بابان )بوو وەك میرنشینییەکی سیما نەتەوەیی" واتە رۆژانیك بوو کە حالەتی( ئێمە )ی بنەماڵەی نەجیبزادەی بابان و( ئەوان )ی جووتیارو مسکێن و رەشوو رووت و شاریی تیا کپ کرا بوو. لێرەدا جێی خۆیەتی کە سیمایەکی ئەو رۆژانە بخەینەوە روو کە بەلای ئێمەوە ئاکامی ئەو چەشنە کۆکردنەوەو یەکگرتنەی چین و توێژە کان بووە لە ناو یەك بازنەدا، مەبەستمان لەو سیمایەش، ( سوپا )ی میرنشینیەکەیە کە سەربازەکانی کەسانی سەربە چین و توێژە جیاجیاکان بوون و وەك سەردەمەکانی پێشتر تایبەت نەبووە بە بابانیەکان خۆیان سەردەمانێك کە جووتیاری لادێ نشین وشارنشینیان بە شایستەی ئەوە نە ئەزانی کە ببنە سەرباز لە سوپادا، ئەم راستیەش لەو سەرسوورمانەی( عوسمان بەگ )دا بەدەست دێت کاتێ( ریچ ) باسی سەبازەکانی خۆیان دەکات و پێی دەڵێ: (( خەڵکی ناو شارەکان لە سەربازیشدا ئازان ))( ٦٥ ). جا بە بۆچوونی ئێمە هەرئەو سیما تازەیەی سوپای بابانی بووە کە ( نالی ) بەرەو ئەوە بردووە ستایشیان بکات.

هەر لێرەوە، بە ئاوردانەوەمان لە( نالی ) لە روانگەی ئەو تێروانینانەمانەوە، بۆ ئەوە دەچین کە هەر لەگەڵ نزیك بوونەوەی ( نالی )ی شارەزووری لە پایتەختی میرنشینیەکە، راستەوخۆ رووبەرووی کێشەو ناکۆکیە چینایەتیەکان بووەتەوەو بە ویستی خۆی بووبێ یانا خۆی لە بەرەی رەشورووتەکاندا بینیوەتەوە، چونکە نەیتوانیوە لە قۆناغی لاوێتیدا بازنەی بنەماڵەی بابانەکان ببرێ و بچێتە ناویانەوە. دیارە ئەو چەشنە ئاوێتە بوونەشی بە ( ئێمە )ی بابانیەوە کە لە بەشی یەکەمدا باسمان کرد، بۆخۆی ئاوێتە بوون بوو بە خولیاو خواستی کۆمەلانی خەڵکی میرنشینیەکەوە، خولیاو خواستی خۆ جیاکردنەوە لە( ئەوان )ی عەجەم و تورك و تەنانەت نەردەلانیەکانیش" بۆیە بینینی ( نالی ) لە ناو ئەو بازنەیەدا بە هەوڵدانی ( نالی ) بۆ برینی بازنەی بنەماڵەی بابانیەکان دانانێین، لەو رووەوە کە ویستبێتی

لـه مەڵبەنـدی دەسـەلات نزیـك بێتـەوە، بـەڵكو بـە پێچـەوانەوەو ئـەوەی ئێمـە بـۆی دەچـین ئەوەیـە كـە ویستویەتی بە توانای خۆی نەك بەهۆی ئەوانەوە كەسێتی خۆی رەنگ رێژ بكـات، بـە رادەیـەك كـە ئـەوان بەرەو دەرگای ئەم بێن نەك ئەم بچێتە بەردەرباریان، دیاریشە كە توانی بەو ئاما نجـە بگـات و نـەك هـەر بـووە حـاكمی مـوڵكی شیعر لـە بابانـدا بـەڵكو بـووە سەردەسـتەی زمانەوانـەكانی میرنشـینیەكەش، ئـەم راستیەیەش بەروونی لە باسەكەی( خۆدزكۆ )وە بە دەست دەهێنرێ كە دەڵێ: (( زانایـەكی بـەناوبانگی كـورد ئێستا لە شاری دیمشق لە سوریا دەژی ناوی مەلا خدرە ، بەلام زیاتر بە ناوە ئەدەبیەكەی واتە تەخەلوسی نالی ئەفەنـدی ناسـراوە ، ئـەم زاتـە بـەهرە و توانـای خـۆی وەكـو پسپۆرێكی شـارەزا بـۆ دیراسـە كردنـی دیالێكتەكانی كوردستانی نیشتمانەكەی تەرخان كردووە ، هـەر وا لەمەوبـەر كتیبێكـی قەواعیـدی زمـانی عەرەبی بۆ كوردی تەرجەمە كردووە ، ئەحمەد خان( مەبەستی ئەحمەد پاشای بابانە ) كە دۆسـتی ( نـالی ) ئەفەندیە، بەڵێنی دامێ لە دەرفەتێكی لەباردا بـە سـەرۆكی زمانەوانـەكانی ولاتەكـەیم بناسـێنێ ))( ٦٦ )

لێرەدا بەئاسانی دەتوانین ئەو راستیەیە بەدەست بێنین كە ( نالی ) پێش ئەوەی كوردسـتان بـە جـێ بهێڵـێ ، كەسێتیەیەكی دیـاری كۆمەڵەكـەی بـووەو پلەو پایەیـەكی زانسـتی بـەرزی هـەبووە و سەردەسـتەو سـەرۆكی گرووپێك زانـا بـووە كـە كۆمەڵەیـەكی زمانـەوانیان لێ پێـك هێنـاون ، بـەم راستیەیەش ، پـەردە لـە سـەر دووراستی تر هەڵ دەدرێتەوە، یەكەمیان : پەیوەنـدی ( نـالی ) بـە دەربـاری پاشـایانی بابانیـەوە ئاكـامی پێویستی ئەوان بووە بەم و دەرباری پاشایەتی رووی لەم كردووە نەك ئەم رووی لە دەربار كردبێ كە لە ناو میللەتانی دراوسیدا هەوڵی شاعیران بۆخۆ نزیـك خسـتنەوە لـە دەربـاری فـەرمانرەوایان بۆخـۆی بووبـووە دیاردەو كەم و زۆر رەنگی كەسێتی شاعیرو تاقیكردنەوە شیعریەكانیانی دەرشت ، دووەمیان پەردە لـە سـەر سیمایەكی گەشترو پیشكەوتووتری رۆژانی فەرمانرەوایی ئەحمەد پاشـای بابـان هەڵدەداتـەوە و بـوارێكی تری بایەخدانی ئەو پاشایەمان دەخاتە بەر دەست كـە بـواری بایەخـدانی بـووە بـە زمـانی كـوردی، هـەر بەمەش رەنگی دۆستایەتی نێوان ( نالی )و ئەو پاشا وریاو روناكبیرەی بابـانی رێـژراوە ،جـا لـەو سـالانەی فەرمانرەوایی ( ئەحمەد پاشادا )
ئەو زەمینەیە رەخسا كە ( من )ی ( نالی ) جارێكیترئاوێتەی ( ئێمە )ی بابانیەكان بێتەوە كـە دیسـان ئاوێتـە بوون بوو بە خولیاو خواستی كۆمەلانی خەڵكی میرنشینیەكەوە ,

بەم پێیە بە روونی ئەوەمان بۆ دەردەكەوێ كە كـاتێ ( نـالی ) كوردسـتانی بـەجێ هێشـتووە ، شـاعیرێكی گەورەو زانایەكی ناودار بووە ، بە رادەیەك كە هەر زوو توانیویەتی لە ناو زانایانی ئەستە موڵ و مەككەدا شوێنی شیاوی خۆی بكاتەوە ، ئەوەتا دەربارەی سالانی ژیانی لە مەككە كە سالانی نێوان( ١٨٦٣ – ١٨٧٣ ) دەگرێتەوە ، ( ئەل حەزراوی ١٨٣٦ – ١٩٠٩ ) كە مێژوو نووسێكی عەرەبـە دەربـارەی ( نـالی ) دەڵـێ : (( لـە عیراق لە شاری شارەزوور لەدایك بووە ، رووی لـە زانسـتەكان كـردووەو بـە دەسـتی هێنـاون تـا لەهونـەری ئەدەب و زانستەكانی زماندا بووەتە كەسێكی هەڵكەوتوو ، پایەداری ناو پلەوپایەدارانـە ، سـاڵی هـەزارو دووسەدوو هەشتاو شتێك هاتە مەككەو باوە شی رێزیان بۆ گرتەوە ، ستایشی ( ئەمیر عەبدوڵلا پاشا عـون )ی ئەمیری مەككەی كردووە ، لە دەرباری ئەویشدا گفتووگۆ لە نێوان ( نالی )و ( شـێخ محمـد محمـودی ئـەل

تەلامیدی ئەل شەنقیتی ) بەرادەیەك گەرم دەبوو كە جاری وا هەبوو دەربارەی وشەیەك یان رستەیەك لە زمانەوانیدا ماوەیەك درێژەی دەكێشا ، شارەزایی یەكی چاكی لە بنەچەو باس و خواس و شیعری عەرەبیدا هەیە ، پیاوێكی زاناو رێزدارە ، پیرێكی هیمنەو دەربارەی ژیانی پیغەمبەر( د.خ ) شیعری جوانی هەیە هەر لە سەرەتاوە تا خەلافەتی حەسەن ( ؟ ) ))( ٦٧ ). جا هەر بەو پلەو پایەو ناوبانگەیەوە لە ئەستەموڵ كۆچی دوایی دەكات و دەربارەی دوا رۆژەكانی ژیانیشی لەوێ ، ( محمد تاهیر بورسەلی ) دەڵێ : (( لە گوندێكی سەر بە سلێمانی چاوی بە ژیان هەڵێناوە ، لە شاری سلێمانی و بازێری قەرەداغ خوێندن و تەحسیلی تەواو كردووە، بە زمانی كوردی دیوانێكی تەواوی هەیە بە سێ زمانیش شیعری ئەوەندە رەنگینی هەیە كەبە هونەرەكانی جوانكاری رازاونەتەوە، لە ساڵی ( ١٢٩٠ ﻫ ) لە حەجی شەریف گەرایەوە، ئەو ماوەی لە ئەستەمبوول مایەوە بەو پەری رێزوشكۆدارییەوە زاناو شاعیرانی ئەستەمبوول روویان تێدەكرد، پاش بەینێك وەفاتی كردو لەگۆرستانی( قاراجا ئەحمەد ) تەرمەكەی بەخاك سپێررا ))( ٦٨ )

جا لێرەداو بە بۆچوونی ئێمە هۆكارێكی تری گرنگ لەو هۆكارانەی كە ( نالی )یان بەرەو داهێنان ئاراستە كرد ، حاڵەتی لەت بوونی ( من )ی ( نالی )ی رەشوورووت و ( ئەوان )ی بابانی نەجیبزادە بووە، ئەم حاڵەتەش هەر زوو لەدەروونیدا زەمینەی بۆ رەخسابوو ، بەردەوامیش لەكاردا بووە ، تەنانەت لەو كاتانەشدا كە ( من ) ئاوێتەی( ئێمە )ی بابانی بووە ،چونكە ئەو( ئێمە )یە ئێمەی كۆمەلانی خەڵكی میرنشینیەكە بووەو( ئەوان )ی بابانی تیا ئاوێتە بووە.

بەم پێیە ئەو كۆمەڵە سایكۆلۆژییەی كە ( من )ی ( نالی ) تیا ئارام دەبووەوە ، ( ئەهلی مەدرەسە )ی مزگەوتەكان بووە نەك دەرباری پاشایانی بابان و هەر لە ناو ئەو توێژەشدا تواناو دەسەلاتە هونەریو زانستیەكەی رەنگی بۆ رێژراو ئاسۆی داهێنانی لەبەر دەمدا كرایەوە، لە پاڵ پلەو پایە زانستییەكەیدا وەك زمانەوانێك، ولاتێكی شیعریی بنیات ناو تیایدا بووە ئەو حاكمەی كە شانی لە شانی حاكمانی بەبەدەسوی و بە مەتاعی شیعریش كالای بازرگانەكانی دەشكاند، ئەم چەند بەیتەش رەنگ پێ دەرەوەی ئەو راستیانەن : ( ٦٩ )

یا گەدایەكە غەنی یا پادشاهێكە فەقیر
لەم دووە خاڵی نییە نالی لە رووی حەدی وەسەت
**************

بونیانی كیبرو سەركەشییە تاقی كیسرەوی
دانانی زوڵم و روو رە شییە تەختی ئابنووس
**************

گەر فەررو تاج و زینەت و شەوكەت وەفای دەبوو
بێ دەردی سەر دەمانەوە بۆ تاوس و خەرووس

بەم پێیە لەو راستییە نزیك دەبینەوە كە هەڵوێستی ( نالی )مان بەرانبەر بنەماڵەی بابانەكان بۆدەردەخات، كە بۆ خۆی ئەگەر هەڵوێستی دژایەتی كردنیشیان نەبێت ئەوا بە شێوەیەكی گشتی هەڵوێستی نارازی بوون و خۆشنەویستنیانە ، ئەم راستییەش بە راستی پەیوەندی لەگەڵ ئەحمەد پاشای باباندا ناسرێتەوە چونكە ئەو پەیوەندییە بۆ خۆی ئاكامی گۆرانی ئینتمای فكری ئەو پاشایەی بابانی

بووه كه له چين وتوێژەكانی تری نزيك خستەوه .

بەڵگەيەكی گومان لیَ نەكراو كە راستی ئەو هەڵوێستەی ( نالی )مان بۆ دەردەخات، راستەخۆ لە نامە شيعرييەكەی دا بۆ ( سالم )و لە وەلامەكەی ( سالم )دا بەدەست دەهێنین.

( نالی ) له نامه كەيدا شەيدايانه هەواڵی سلێمانی دەپرسیَ، هەر لە( داروبەردی مەحەللەكانی و ئەهلی شارو حەبيبانی خانەقاو مەدرەسەو حوجرەكەی تا دەگاتە سەرچنارو تا نجەرۆو سەرشەقام و سەيوان و كانی باو كانێسكان و هتد .... )، كەچی به يەك وشەش ناوی بابان و بابانيەكانی نەهێناوه، ئەم ناو نەهێنانەش نەك هەر ئێستاو لای ئێمه سەرنج راكێش و نائاسايیيه بەڵكو كاتی خۆشی سەرنجی ( سالم ) ی راكێشاوه بۆيه پێش ئەوەی وەلامی پرسياركانی ( نالی ) بداتەوه، دەڵیَ :

پرسيويه زاهيرەن له رەفيقانی يەك جيهەت

ئەحواڵی ئەهلی شەهرو رەفيقانی سەربەسەر( ٧٠ )

كەواته ( سالم )يش هەستی به سرينەوەی ناوی بابانی يەكان كردوەو ئەوەشی پیَ ناخۆش بووه هەربۆيه پێش ئەوەی وەلامی ( نالی ) بداتەوەو له بارو دۆخی سلێمانی ژێر دەسەلاتی توركەكان ئاگاداری كاتەوه ئەو راستيیه دەخاتە بەر دەستی ( نالی ) كە شكۆمەندی سلێمانی و خەڵكی سلێمانی بە شان و شەوكەتی حاكمانی بابانەوه بەند بووه و بەنديش دەبێت ، بۆيه دوای ئەو بەيتەی سەرەوه ، دەڵیَ :

لەو سايەوه كه حاكمی بابان به دەر كران

نەيديوه كەس له چيهرەی كەس جەوهەری هونەر

بەم پێيه هەردوو نامه شيعری يەكەی ( نالی )و( سالم ) دوو هەڵوێستی جيای ئەو دووشاعيرەمان پيشان دەدەن بەرامبەر بنەماڵەی بابانیيەكان ، هەڵوێستی لايەنگرانەو پشت بەستن و شانازی كردنی ( سالم ) بەو بنەماڵەيەوەو هەڵوێستی حەزلیَ نەكردن و دووره پەرێزی و بیَ دەربەستی ( نالی ) بەرامبەريان . ئەو دوو هەڵوێستەش چەكەره كردووی كات وساتێكی مێژوويی دياری كراوی پێش يان دوای داگيركردنی سلێمانی نەبوون ، بەڵكو گلۆڵە بەستووی ئينتمای چينايەتی و فكری هەردوو شاعيرەكه بوون كە يەكەميان واتە ( سالم )ی ساحيب قران لە ريزی نەجيبزادەكان بووەو بووەتە ئامۆزای حاكمانی بەبە ، لە كاتێكدا دووەميان كە ( نالی )شارەزووریيه سەر بە چينه رەشووروتەكه بووەو هەرگيز بە ئامۆزای خۆيانيان نەزانيوه با سەر دەستەی زانايان و شاعيرانيشيان بوويیَ ، بە لای ئێمەشەوه هەر لە قۆزاخەی ئەو ناكۆكیيه چينايەتیيەوه وشەو دەربرينی ( رووتيەتی ) ناوبەيتەكانی كيانيان كراوه بەبەردا : ( ٧١ )

له رووت و قووتی وەك من روو مەپۆشه

كه وەسلی تۆيه قووتی عاشقی رووت

*************

هەرچەنده كه رووتم به خودا مائيلی رووتم

بیَ بەرگی يه عيللەت كه هەتيو مەيلی هەتاوه

*************

من له بیَ بەرگی ( مەخەم ) پرسی كه بۆچ رووتی وتی

ڕەببی من شێت بم ئەگەر شاد بم بە بەرگی عاری یە

هەر لێرەدا دەتوانین ئەو ڕاستی‌یە هەڵێنجین کە خۆشەویستی ( نالی ) بۆ سلێمانی کەم و زۆر پەیوەندی نەبووە بە حاکمانی بابانەوەو چارەنووسی خۆشی بەوانەوە گرێ نەدابوو تا بەهۆی نەمانی دەسەلاتیانەوە سەری غەریبی هەڵگرتبێ، بەڵکو ئامادەبوو بێتەوە ناو باوەشی سلێمانی و لە سەیوان سەر بنێتەوە ، ئەگەر بهاتایەو هەر هیچ نەبوایە بیتوانیایە لە حوجرەکەی خانەقادا خەریکی دەرس و دەووری خۆی بوایە، بەلام گومانی هەبوو لەوەی کە ( ڕەقیبانی لەندەهوورو سۆفی مل خوارو مەندەبوور)ی نەفام و نەزانی مۆم ئاسای بەردەستی تورکەکان بیەڵن پایزی تەمەنی لە مەدرەسەکەی خانەقادا بەسەر بەرێ ، دوا بەیتەکانی نامەکەشی ئەو ڕاستی یە دەخەنە بەردەست و پرسیار لەو کەشە سایکۆلۆژی‌یە گونجاوە دەکەن کە دەکرێ ئارام بێت تیایدا کاتێ هاتەوە :

زارم وەکو هیلال و نەحیفم وەکو خەیاڵ
ئایا دەکەومە زارو بە دڵدا دەکەم خوتوور
لەم شەرحی دەردی غوربەتە لەم سۆزی هیجرەتە
دڵ ڕەنگە بێ بە ئاوو بە چاوا بکا عوبوور
ئایا مەقامی ڕوخسەتە لەم بەینە بێمەوە
یا مەسلەحەت تەوەققوفە تا یەومی نەفخی سوور
حاڵی بکە بەخوفیە کە ئەی یاری سەنگ دڵ
( نالی ) لە شەوقی تۆیە دەنێرێ سەلامی دوور( ٧٢ )

بەم ڕەنگەو بە گوێ گرتن لە ( سالم ) کە ( بەم نەوعە قەت نەکا بە سولەیمانیا گووزەر)( ٧٣ )، ڕووی لە غەریبی کرد چونکە دەیزانی بەگەرانەوەی دەکرێتە ( عەکسی قەمەری ناو حەوزێکی لیخن )( ٧٤ ) کە ئەمەش بۆ( نالی )یەك کە خۆی بە ( سەرووی ڕەوانی چەمەنی عالەمی بالا )( ٧٥ ) دادەنا نەشازوو نەشیاو بووە ، بۆیە ڕێی غەریبی هەڵبژارد بەو هیوایەی بتوانێ لە ناو حەوزی زانایاندا کە کەشیکی سایکۆلۆژی ئارام بوو بۆی ، ببێتە مانگێکی گەشی شارەزوورەکەی ، دیارە کە بەو هیوایەشی گەیشتوو هەروەك چۆن لە سلێمانیدا داهێنەر بوو لە مەککەو شام و ئەستەمبووڵیشدا کە فەرمانڕەواکانیان عەرەبوو تورك بوون بووە زانایەکی دیارو شاعیرێکی داهێنەر .

ئەنجام :

لێکۆڵینەوەکەمان ئەم کۆمەڵە ئەنجامەی گەلاڵە کردووە :

١ - خولیای ئەدەبی ( نالی ) هاوتەریبی خولیا زانستی یەکەی بووە لە زمانەوانیدا، چالاکی‌یەکانیشی لەو دوو بوارەدا، جگە لە کارە زانستی‌یەکانی کە تا ئێستا بەدەستمان نەگەیشتوون، ئاکامێکی گەورەی لێ کەوتەوە کە بریتی بوو لە کردنەوەی ڕێچکەی شیعری کوردی بە زمانێکی ئەدەبی نوێ لە بازنەی دیالێکتی کرما نجی خوارووەدا و پێك هێنانی فەرهەنگێکی شیعری بۆ ڕێبازی کلاسیکی، فەرهەنگێکی ئەوتۆ کە

**سەرجەمی شاعیرانی کلاسیکی کورد لە باشوورو رۆژهەڵاتی کوردستان راستەوخۆ پەیرەویان کردووە و کردوویانەتە تەوەری زمانی شیعری یان .**

**٢ – رەوشی ئیدیۆلۆگی میرنشینی یەکەی بابان ، بزوێنەری ئەو دوو خولیایەی ( نالی ) بوون**

**٣ - لە پاڵ هۆکاری دەرەکی دا ، هۆکاری خودیش رۆڵی گرنگی بینیوە لە زەمینە خۆش کردن و سازدانی چالاکییەکانی ( نالی )دا لەو دوو بوارەدا، بە تایبەتی لە بواری داهێنانی شیعریدا ، هەوێنی ئەم هۆکارەش لە دەروونی ( نالی ) خۆیەوە پێك هاتووەو دەوڵەمەندی ناوەوەی ( نالی ) ئاکامی هەژاری دەرەوەی بووە و رەنگ پێ دەرەوەی کەسێتییەکەی بووە لە بازنەی کێشەی چینایەتی قۆناغەکەیدا**

**٤ - تەمەنی شیعریی ( نالی ) لە سێ قۆناغدا دەبینرێ ، قۆناغی یەکەمی بە دوورخستنەوەی ئەحمەد پاشای بابان کۆتایی دێت و قۆناغی دووەمی بە چوونە ناو پایزی تەمەنە وە دەست پێ دەکات و بە روو کردنە حەج پێش لەباربردنی میرنشینییەکەی بابان کۆتایی دێت، قۆناغی سێیەمیش لە غەریبیدا دەست پێ دەکات و کۆتایی دێت .**

**٥ - هۆی نەگەرانەوەی ( نالی ) ئاکامی تێك چوونی ئەو کەشەی شاری سلێمانی بوو کە کاتی خۆی بۆ ( نالی )یەکی زاناو شاعیرێکی داهێنەر کەشێکی ئارام بووە و بە دۆزینەوەی کەشێکی لەو جۆرە لە ناو زانایاندا و بە ئومێدی بینینەوەی سلێمانی لەو کەشەدا، ئارامی بە دەروونی خۆی دەبەخشی .**

**پەراوێزەکان :**


١. هونەریشیعر، هۆراس :٣٤
٢. دیوانی رەنجووری : ٢٣١ هەروەها بروانە میرایەتی بابان ... : ٧٢ ، ٩١
٣. دیوانی نالی : ١٠٠
٤. رۆژنامەی ژیان ژمارە (٣٨٠)ی ١٩٣٣
٥. گۆڤاری زانکۆی سلیمانی ژمارە (٥)ی سالی ٢٠٠١ : ٥٣
٦. الاسس النفسیەللابداع الفنی : ١١١
٧. سەرچاوەی پیشوو : ١١٢ هەروەها بروانە التفسیر النفسی للادب : ٤٩
٨. الا سس النفسیە للابداع الفنی : ١٦٨
٩. سەرچاوەی پیشوو : ١٦٩
١٠. گۆڤاری زانکۆی سلیمانی ژمارە (٥)ی ٢٠٠١ : ٥٦
١١. کوردستانی خوارووی رۆژهەلات : ١٨٨
١٢. بروانە میهرەجانی مەولەوی : ٢٢٢ ، لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی : ٧١
١٣. بروانە کوردستانی خوارووی رۆژ هەلات : ٢٤٢
١٤. گەشتی ریچ بۆ کوردستان :١٠٢
١٥. سەرچاوەی پیشوو : ١٠٦
١٦. کوردستانی خوارووی رۆژ هەلات : ٢٧٠ – ٢٧٢
١٧. الاسس النفسیە للابداع الفنی : ١٢٥
١٨. التیارات الاجنبیە فی الشعر العربی: ٢٤٦
١٩. دیوانی نالی : ٣٧٠
٢٠. سەرچاوەی پیشوو: ١٧٤
٢١. میرایەتی بابان ... :١٦٠
٢٢. گەشتەکەی فرەیزەر .. :٦٠
٢٣. دیوانی سالم : ٣٥
٢٤. الاسس النفسیە للابداع الفنی : ١٨٨
٢٥. ئەنجوومەنی ئەدیبان : ٢٧

٢٦. ديوانی نالی : ٧٢٠
٢٧. سەر چاوەی پیشوو : ١٠١
٢٨. سەرچاوەی پیشوو : ٥٧٧
٢٩. گۆڤاری رۆژی کورد ژمارە (٢)ی ١٤ شعبان ١٣٣١
٣٠. دیوانی نالی : ٤٧٣
٣١. سەرچاوەی پیشوو : ٢٨٠
٣٢. سەرچاوەی پیشوو :٣٠٨
٣٣. سەرچاوەی پیشوو : ٤٨٢
٣٤. سەرچاوەی پیشوو :٥٩٥
٣٥. بروانە ، لە ریگای ئەدەب و لە پیناوی نالی دا : ١٦ ، هەروەها بروانە الواقعیە فی الادب الکردی : ٧٨ - ٧٩
٣٦. سەرچاوە پیشوو : ١٦
٣٧. دیوانی نالی : ١٧٤
٣٨. سەرچاوەی پیشوو : ١٩٩
٣٩. سەرچاوەی پیشوو :١٩٩
٤٠. دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی : ٣
٤١. میژووی ئەدەبی کوردی ٤٥-٤٦
٤٢. سەرچاوەی پیشوو : ٦١
٤٣. لە ریگای ئەدەب و لە پیناوی نالی دا :١٦
٤٤. سەرچاوەی پیشوو : ١٦
٤٥. دیوانی نالی : ٤٨٢
٤٦. سەرچاوەی پیشوو : ٤٨٢
٤٧. سەر چاوەی پیشوو : ٤٨٢ ، لە ریگای ئەدەب و لە پیناوی نالی دا :١٦
٤٨. دیوانی نالی : ٣١٣
٤٩. لە ریگای ئەدەب و لە پیناوی نالی دا : ١٧
٥٠. کتیبی نالی : ٧٠
٥١. سەرچاوەی پیشوو : ٧٠
٥٢. الاسس النفسیە للابداع الفنی : ١٥٢ ، هەروەها بروانە علم الفس والادب : ٢٤٨
٥٣. الاسس النفسیە للابداع الفنی : ١٣٢
٥٤. دیوانی نالی : ٦٥٧
٥٥. کوردستانی خوارووی رۆژ هەلات : ٢٤٢
٥٦. گەشتی ریج بۆ کوردستان : ١٠٩
٥٧. دیوانی سالم : ١٢
٥٨. گەشتی ریج بۆ کوردستان : ٢٩٨
٥٩. سەرچاوەی پیشوو : ١٣١
٦٠. سەرچاوەی پیشوو : ١٢٠
٦١. سەرچاوەی پیشوو : ٣٢٢
٦٢. سەرچاوەی پیشوو : ٣١٧
٦٣. میرایەتی بابان ... : ١٥٩
٦٤. گەشتی ریج بۆ کوردستان : ١٠٧
٦٥. سەرچاوەی پیشوو : ١١٩
٦٦. نالی لە دەرەوەی کوردستاندا : ٨
٦٧. سەرچاوەی پیشوو : ١٥
٦٨. سەرچاوەی پیشوو : ٢٢
٦٩. دیوانی نالی : ٢٤٥ ، ٢٣٨
٧٠. سەرچاوەی پیشوو : ١٩٩
٧١. سەرچاوەی پیشوو : ١٤٨ ، ٥٣٤ ، ٥٧٩
٧٢. سەرچاوەی پیشوو : ١٧٤
٧٣. سەرچاوەی پیشوو : ١٩٩

٧٤. دیوانی گۆران :
٧٥. دیوانی نالی : ٣٣٢

سەرچاوەکان :


١ - ئە نجوومەنی ئەدیبان ، ئەمین فەیزی بەگ ، تۆیژینەوەی لیژنەی ویژەو کەلەپوور ، کۆری زانیاری عیراق – دەستەی کورد ، بەغداد ١٩٨٣

٢ - دیوانی رەنجووری ، لیکۆلینەوەی محمد علی قرداغی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ا فاق عربیە، بەغدا، ١٩٨٣

٣ - دیوانی سالم ، چاپی دووەم، چاپخانەی کوردستان، هەولیر، ١٩٧٢

٤ - دیوانی گوران، محمدی مەلا کریم کۆی کردوەتەوەو ئامادەی کردوە .. ، چاپخانەی کۆری زانیاری عیراق ، بەغدا ، ١٩٨٠

٥ - دیوانی نالی ، لیکۆلینەوەو لیکدانەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم ، بلاوکەرەوەی کوردستان لە سنە ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی رستمخانی ، ١٣٨٠

٦ - دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی، دوکتۆر مارف خەزنەدار، دار الحریە، بەغداد ، ١٩٧٧

٧- کوردستانی خوارووی رۆژهەلات، ی. ئی. ڤاسیلیەڤا، رەشاد میران لە رووسیەوە کردوویەبەکوردی،چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولیر، ١٩٩٧

٨ - کتیبی نالی ، ریبوار سیوەیلی ، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولیر، ٢٠٠١

٩ - گەشتی ریچ بۆ کوردستان ١٨٢٠ ، کلودیۆس جیمس ریچ، محەمەد حەمە باقی لە عەرەبیەوە کردوویەتی بە کوردی، چاپی یەکەم ، تەوریز ، ١٩٩٢

١٠ - گەشتەکەی فریزەر ، جیمس بیللی فرەیزەر، ئومید ئاشنا کردویە بەکوردی ، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك ، سلیمانی ، ١٩٩٨

١١- لە ریگای ئەدەب و لە پیناوی نالی دا ، محمدی مەلا کریم ، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٩

١٢- لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی، ئەنوەرقادر محەمەد، ستۆکهۆلم، ١٩٩٠

١٣- میرایەتی بابان لە نیوان بەرداشی رۆم و عەجەمدا ، نەوشیروان مستەفا ئەمین، چاپی دووەم، چاپخانەی خاك، سلیمانی، ١٩٩٨

١٤- میژووی ئەدەبی کوردی، دوکتۆر مارف خەزنەد ار، بەرگی سییەم ، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولیر ،٢٠٠٣

١٥ - -میهرەجانی مەولەوی، کتیبی ژمارە(١)ی رۆشنبیری نوێ ، چاپخانەی الزمان،بەغدا، ١٩٨٩

١٦- نالی لە دەرەوەی کوردستاندا(١٨٤٨-١٨٧٣)، دکتۆر عەبدولا حەداد، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولیر، ٢٠٠٠

١٧- هونەری شیعر، هۆراس، حمید عزیز کردویە بە کوردی، چاپخانەی الزمان ، بەغدا، ١٩٧٩

١٨- الاسس النفسیة للابداع الفنی ، الدکتور مصطفی سویف، دار المعارف بمصر، الطبعة الثانیة، القاهرة ١٩٥٩

١٩- التفسیر النفسی للادب، الدکتور عزالدین اسماعیل، دار الثقافة، بیروت، ١٩٦٣

٢٠- التیارات الاجنبیة فیالشعر العربی،الدکتور عثمان الموافی، مؤسسة الثقافة الجامعیة،الاسکندریة،١٩٧٣

٢١- علم النفس والادب ، الدکتور سامی الدروبی، دار المعارف ، ج٠م٠ع، ١٩٨١

٢٢- الواقعیة فی الادب الکردی، د٠ عزالدین مصطفی رسول، بیروت ، ١٩٦٦


رۆژنامەو گۆڤارەکان:


١. رۆژنامەی ژیان ژمارە(٣٨٠)ی سالی ١٩٣٣
٢. گۆڤاری رۆژی کورد ژمارە(٢)ی ١٤ شعبان ١٣٣١
٣. گۆڤاری زانکۆ ژمارە (٥)ی سالی ٢٠٠١

## ملخص البحث

تبحث هذه الدراسة عن العوامل التى اخذت بيد ( نالى )كى يبنى ويثبت حركة الشعر الكلاسيكى فى اللهجة الكرمانجية الجنوبية، مما لا نجد بحثا كاملا حولها. تشخص الدراسة نوعين من العوامل وهما العوامل الاجتماعية والعوامل الذاتية.ان كشف هذه العوامل تؤدى الى استنتاجات جديدة حول الوضع ا لسياسى والاجتماعى والثقافى فى تلك المرحلة وحول شخصية( نالى )ذاته.واخيرا بينت الدراسة النتائج الجديدة التى توصلت اليها.

## *Summary*

*This study deals with the factors that helped ( Nali) inspire and found the classical poetry movement in southern (Kurmanji) dialect about which there is no any complete research*

*This study identifies two factors , the social and the personal. The fact of exploring these factors leads to new conclusions about the political , social and cultural situation in that stage and about the person of (Nali) himself.*

*Finally , this study pointed out the new conclusions that it attained.*